# پارادۆکسی عەقڵ و ئیمان لە فەلسەفەی ئیسلامیدا

## (ڕەخنەی غەزالی لە عەقڵانییەت)




خەدیجە ئەسکەندەر

2026

كتێبی ژنەفتن

٢٦

# پارادۆکسی "عەقڵ" و "ئیمان" لە فەلسەفەی ئیسلامیدا (ڕەخنەی غەزالی لە عەقڵانییەت)

خەدیجە ئەسکەندەر حەیدەر

تۆێژینەوە

خەدیجە ئەسکەندەر حەیدەر

# پارادۆکسی "عەقڵ" و "ئیمان" لە فەلسەفەی ئیسلامیدا (ڕەخنەی غەزالی لە عەقڵانییەت)

خەدیجە ئەسکەندەر حەیدەر

تویژینەوە

وەشانی ژنەفتن
jineftin.krd
ناونیشان: پارادۆکسی "عەقڵ" و "ئیمان" لە فەلسەفەی ئیسلامیدا
(ڕەخنەی غەزالی لە عەقڵانییەت)
نووسینی: خەدیجە ئەسکەندەر حەیدەر
بابەت: توێژینەوە
دیزاینی: گەیلان عەبدوڵا
مێژووی بڵاوکردنەوە: هەولێر، حوزەیرانی ٢٠٢٦
چاپی یەکەم: ئەلیکترۆنی
٨٨ لاپەڕە
Email: jineftin@jneftin.krd
مافی لەچاپدانەوەی ئەلیکترۆنی و کاغەزی پارێزراوە.
بڵاوکردنەوەی پاژ یان بەشێک لە وتار و کتێبەکان تەنیا بە ئاماژەدان بە سەرچاوەکە ڕێ پێدراوە.

**پێشکەشە:**

بە هاوڕێی ئازیزم، د. ئیدریس شێخ شەرەفی

بە هەر کەسێک کە بیر دەکاتەوە

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەدواداچوون دەکات بۆ گرژییە بەردەوامەکانی نێوان عەقڵ و ئیمان لە فەلسەفەی ئیسلامیدا، تیشک دەخاتە سەر ڕەخنە لە عەقڵانیزم لەلایەن غەزالییەوە. لە کاتێکدا غەزالی عەقڵ ملکەچی ئیمان دەکات لە ڕێکخستنی بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە دیاردە ئەزموونییەکان، دەڵێ کە عەقڵ بە تەنیا ناتوانێت دەستی بە ڕاستییە میتافیزیکییەکان بگات، کە تەنیا لە ڕێگەی ئیمانەوە دەستیان پێ دەگات. ئایین سەر بە فەزایەک لە ئیمانە و فەلسەفە سەر بە فەزایەک لە گومان و پرسیار، بۆیە دوو بابەتی جودان ئەگەر لەیەک شتیش بدوێن و دەرگیری یەک بابەت ببن ناتوانن دۆست بن بەڵکوو هەمیشە فەیلەسووفان دژی ئەو هێڵە پیرۆزانە بوون کە وایانکردووە خەڵک بیر نەکەنەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شیکردنەوەی ئارگیومێنتەکانی غەزالی لە التهافت فلاسفة، سنوورە زانستییەکانی عەقڵی مرۆڤ و کاریگەرییە فەلسەفییەکانی ئیمتیازدانی ئیمان بەسەر عەقڵ لە هزری ئیسلامییدا دەکۆڵێتەوە. ئەم توێژینەوەیە گەڕانێکی مێژووییە لەمەڕ زانین و باوەڕ و ئەو میتۆدانەی کە مرۆڤەکان هەوڵی تێگەیشتن لە واقیع و گەیشتن بە (حەقیقەت) دەدەن. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن پارادۆکسی عەقڵ-ئیمان بە درێژاییی مێژوو بابەتی بنەڕەتی فەلسەفە و ئایین بووە و بەردەوامە تا ئەمڕۆ، لە

هزری ئیسلامیدا ئیمان باڵاترین ئامرازە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، و پێویستە مرۆڤ لە بیرکردنەوە بوەستێ و خۆی ڕادەستی سیستەمێکی بیروباوەڕی سازکراو بکات و عەقڵی ملکەچی ئیمان بکات.

**وشە سەرەکییەکان:- ئەقڵانییەت، مێتافیزیک ،ئیمان ئەزموونگەرایی، حەقیقەت**

# The Paradox of “Reason” and “Faith” in Islamic Philosophy (Ghazali's Critique of Rationality)

Abstract:–

This paper examines the ongoing tension between reason and faith in Islamic philosophy، highlighting Ghazali’s critique of rationalism. While Ghazali subordinates reason to faith in regulating thought and understanding of empirical phenomena، he argues that reason alone cannot access metaphysical truths، which can only be accessed through faith. Religion belongs to a space of faith and philosophy belongs to a space of doubt and question. Therefore، two different subjects cannot be friends even if they talk about the same thing.

By analyzing Ghazali’s arguments in التهافت فلاسفة ، this study explores the scientific limits of human reason and the philosophical implications of the privileging of faith over reason in Islamic thought. This study is a historical exploration of knowledge، belief and the methods by which people try to understand reality and achieve truth. The study highlights how the paradox of reason-faith has been a fundamental theme of philosophy and religion throughout history and continues to this day. In Islamic thought، faith is the highest means of attaining truth.

**Keywords: Rationalism، metaphysics، faith، empiricism، truth**

**مفارقة "العقل" و"الإيمان" في الفلسفة الإسلامية )نقد) الغزالي للعقلانية**

**مخلص:-**

تتناول هذه الورقة البحثية التوتر المستمر بين العقل والإيمان في الفلسفة الإسلامية، مسلطةً الضوء على نقد الغزالي للعقلانية .فبينما يُخضع الغزالي العقل للإيمان في تنظيم الفكر وفهم الظواهر التجريبية، فإنه يجادل بأن العقل وحده لا يستطيع الوصول إلى الحقائق الميتافيزيقية، التي لا يمكن الوصول إليها إلا من خلال الإيمان .ينتمي الدين إلى فضاء الإيمان، بينما تنتمي الفلسفة إلى فضاء الشكوالتساؤل .ولذل كلا يم ،ك ن لموضوعين مختلفين أن يك.ونا صديقين حتى لو تحدثا عن الشيء نفسه

من خلال تحليل حجج الغزالي فيك ،"تابه "التهافت فلاسفة تستكشف هذه الدراسة الحدود العلمية للعقل البشري والآثار الفلسفية لتفضيل الإيمان على العقل في الفكر الإسلامي .تُعد هذه الدراسة استكشافًا تاريخيًا للمعرفة والإيمان والأساليب التي يحاول الناس من خلالها فهم الواقع وبلوغ الحقيقة .وتُبرز الدراسةك يفك انت مفارقة العقل والإيمان موضوعًا أساسيًا في الفلسفة والدين عبر التاريخ، ولا تزالكذلك حتى يومنا هذا .في

الفـكـر الإسلامي، يُعد الإيمان أسمى وسيلة لبلوغ الحقيقة.

**الكـلمات المفتاحية :العقلانية، الميتافيزيقا، الإيمان التجريبية، الحقيقة**

**پوختە**

**پێشەکی**

**پرسیاری توێژینەوە**

**ئامانجی توێژینەوە**

**پاژی یەکەم:- ئایا "ئیمان" یان "فەلسەفە" کامیان وەڵامی گومانەکان دەداتەوە؟**

- **باسی یەکەم :- لەمەڕ فەلسەفە و ئاییندا**

1. لقی یەکەم:- پێناسەی ئایین (دین):
2. لقی دووەم:- ئایا فەلسەفە پێناسە دەکرێت؟

- **باسی دووەم:- فەلسەفە و گومان**
- **باسی سێیەم:-ئایین و ئیمان**
- **باسی چوارەم:- ئیمان و گومان**

- **باسی پێنجەم:- پێکگەشتنی ئایین (ئیسلام) و فەلسەفە**

1. لقی یەکەم:- ئایینی ئیسلام و فەلسەفە
2. لقی دووەم:- کاردانەوەی جیهانی ئیسلامی لە بەرانبەر فەلسەفەدا
3. لقی سێیەم:- حەرامی فەلسەفە لە ئیسلامدا

4. لقی چوارەم:- ئایا فەلسەفەی ئایین بوونی هەیە؟

**پاژی دووەم:- سەرهەڵدانی بیری (عەقڵانییەت) و ڕەخنەی غەزالی لە عەقڵ**

- **باسی یەكەم:- ڕەوتی ئەقڵانییەت (ڕاشنالیزم)**
- **باسی دووەم:- ئاراستە و دۆكترینی عەقڵانییەت:-**
- **باسی سێیەم :- لە گومانەوە بۆ سۆفیزم، ڕەخنەی غەزالی لە عەقڵ:-**
- **باسی چوارەم:- تهافت الفلاسیفة (ناتەبایی فەیلەسووفەكان):-**

**پاژی سێیەم:- حەقیقەت لەنێوان عەقڵ و ئیمان، وەک گرژییەكی بەردەوام:-**

- **باسی یەكەم:- خودی حەقیقەت چییە؟**
- **باسی دووەم:- پارادۆكسی عەقڵ و ئیمان وەک پرسێكی فەلسەفی بەردەوام**

**پێشەکی:**

پەیوەندیی نێوان ئیمان و عەقڵ یەکێکە لە تەوەرە هەرە بەردەوام و وتووێژەکانی مێژووی فەلسەفە. ئیمان کە وەک متمانە یان باوەڕبوون بە ڕاستییەکان تێدەگەین کە لەسەر سروش(وەحی)ی خودایی دامەزراوە، کە بانگەشەی دەسەڵاتێک دەکات عەقڵانییەتی مرۆڤ تێدەپەڕێنێت. لە بەرامبەردا عەقڵ بانگەوازی لۆژیک و بەڵگە و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە دەکات بۆ گەیشتن بە مەعریفە و لە پاشاندا (حەقیقەت). لە کاتێکدا هەردووکیان ئامانجیان گەیشتن بە حەقیقەتە، بەڵام شێواز و سەرچاوە و بنەما زانستییەکانیان جیاوازن.

لە گوتاری فەلسەفیدا، ئیمان و عەقڵ تەنیا چەمکی ئەبستراکت نین بەڵکوو نوێنەرایەتیی دوو شێوازی جیاوازیی پەیوەندیکردن لەگەڵ واقیعدا دەکەن. باوەڕ لەو شوێنە دێتە بوون کە عەقڵ سنووردار دەبێ، ئەوەی کە لۆژیکی مرۆڤ دەستی پێ نەگات یان تەنانەت توانای تێگەیشتنی نەبێ، هانا دەبرێتە بەر باوەڕ و ئیمان. بە پێچەوانەوە عەقڵ هەوڵ دەدات لێکۆڵینەوە و پرسیار و پشتڕاستکردنەوەی بیروباوەڕەکان بکات، لەوانە ئەوانەی کە لەسەر بنەما ئایینییەکان دامەزراون. ئەمەش پارادۆکسێکی داینامیکی دروست دەکات، ئایا دەبێ عەقڵ ملکەچی ئیمان بێت؟

بە درێژاییی مێژوو، فەیلەسووف و زانایانی ئایینی بە جیاواز باسیان لە پەیوەندیی باوەڕ و عەقڵ کردووە. زۆربەیان پێیانوایە کە ململانێیەکی سروشتی لەنێوانیاندا هەیە، ئەم گرژییە تەنیا کونجکاوییەکی مێژوویی نییە، تا ئەمڕۆش بەردەوامە لە دارِشتنی مشتومڕە فیکری و تیۆلۆژی و ئەخلاقییەکان.

ئەقڵ دەبێت ئامرازی سەرەکی بێت بۆ گەیشتن بە مەعریفە و تێگەیشتن، نەک ئیمان کە لەسەر بنەمای باوەڕێکی پشتڕاستنەکراوە دامەزراوە. وەک کانت باسی دەکات، عەقڵی مرۆڤ چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی ئیدیعاکان و تێگەیشتن لە ڕاستی و دامەزراندنی بنەما ئەخلاقی و زانستییە سەربەخۆکان لە دەسەڵات یان سروش دابین دەکات. هیوم بە هەمان شێوە هۆشداری دا لە قبولکردنی بیروباوەڕەکان تەنها بەپێی (ئیمان)، جەختی لەوە کردەوە کە بەڵگەی ئەزموونی و لێکۆڵینەوەی عەقڵانی تاکە بنەمای جێی متمانەن بۆ مەعریفە و گەیشتن بە حەقیقەت. لە نەریتی فەلسەفی ئیسلامیدا، ڕەخنەی غەزالی لە عەقڵ دەرئەنجامە مێژووییەکانی ملکەچکردنی لێکۆڵینەوەی عەقڵانی بۆ سروش نیشان دەدات: بەپێشینەییدان بە ئیمان، گەڕانی فیکری و شێوازە ڕەخنەییەکان سنووردار بوون ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە زیادەڕۆیی لە بەهادان بە ئیمان لێکۆڵینەوە و گەڕان دەوەستێنێت و ڕێگری دەکات لە

پێشکەوتنی فەلسەفی و تێگەیشتنی مرۆڤ لە واقیع سنووردار دەکات. لە بەرامبەردا عەقڵ بە شێوەیەکی گشتگیر و ڕەهاییی توانای تەحەداکردنی گریمانەکان دەمێنێتەوە سیفەتەکان کە وای لێ دەکەن بۆ گەشەسەندنی فیکری، پێشکەوتنی زانستی و وردبینی ئەخلاقی پێویست بێت. یەکەمایەتیدان بە ئیمان بەسەر عەقڵدا، قبوڵکردنی دەسەڵاتە بەبێ ڕەخنە؛ یەکەمایەتیدان بە عەقڵ، بەدواداچوونە بۆ مەعریفە و گەیشتن بە حەقیقەت.

## پرسیاری توێژینەوە

ئایا عەقڵ دەمانگەیەنێتە حەقیقەت، یان ئیمان پێویستە، وەک غەزالی باسی دەکات؟

سروشتی پارادۆکسی نێوان عە قڵانیزم و ئیمان لە فەلسە فەی ئیسلامیدا چۆنە؟

پێگەی غەزالی چۆن بەراورد دەکرێت لەگەڵ فەیلەسوفە عەقڵانییەکانی وەک ئیبن ڕوشد؟

**ئامانجەکانی توێژینەوە**

شیکردنەوەی ڕەخنەی غەزالی لە فەلسەفەی عەقڵانی لە تەهافوت ئەلفەلەسیفادا

لێکۆڵینەوە لە سنووورە زانستییە زانستییەکانی عەقڵ و ڕۆڵی ئیمان لە دەستڕاگەیشتن بە حەقیقەت.

لێکۆڵینەوە لە پارادۆکسی فەلسەفی نێوان عەقڵ و ئیمان لەمرۆدا.

# پاژی یەکەم
# ئایا "ئیمان" یان "فەلسەفە" کامیان وەڵامی گومانەکان دەداتەوە؟

هەمیشە لەنێوان ئایین و فەلسەفەدا جۆرێک لە ناکۆکی و دژیەکییەک هەبووە، گەنگەشەیەکی گەورە لە نێوان فەیلەسووفان و زانایانی ئایینی هەیە. ئایا حەق بە لای فەلسەفەوەیە یان بە لای ئایینەوەیە. مەسەلەی تێگەیشتنی ڕاستی و حەقیقەت و کێ لەسەر حەقە، هەتاوەکوو ئێستاش بەردەوامە. هەرچەندە ئەم مشتومڕە لە سەرەتادا لەنێوان فەیلەسووفان و ئایینەکانی جوو و مەسیحی بەرپا بوو، دواتریش بە بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، ئەم گەنگەشەیە ڕۆژهەڵاتیشی گرتەوە.

لە نێوان فەلسەفە و ئاییندا پێوەندیەکی توندوتۆڵ، لە هەمان کاتدا ناکۆک هەیە، هەڵبەتە سەرچاوەی فەلسەفە بریتییە لە "ئەقڵ"، ئایینیش (ئاسمانییەکان) پشت بە "سرووش ـ وەحی" دەبەستن.

گومانی تێدا نییە دژیەکییەک لەنێوان پێداویستییەکانی ئیمان و پێویستەکانی عەقڵ، لەنێوان ئەوەی بە گواستنەوە و گوێگرتن ڕازییە و ئەوەی حەزی لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیە، لەنێوان ئەوەی مل بۆ فەرمانەکە کەچ دەکا و ئەوەی مشتومڕی تێدا دەکا داوای بەڵگەی لێ دەکات،

لەئارادایە. دەگمەنە کەسێکی ئاقڵ هەبێ ناکۆکی لەنێوان ئەم دوو مەیلەیدا نەبێ: مەیلێک بۆ ملکەچبوون و مەیلێک بۆ گومانکردن، واتە دینداریکردن و فەلسەفاندن.

**باسی یەکەم: لەمەڕ فەلسەفە و ئاییندا**

دەرگیربوون لەگەڵ بابەتی ئایین و فەلسەفە و مێژوویەکی هاوبەشی هەردوو باسەکە، بە شێوەیەکی دوژمنانە یان دۆستانە، دەرگیربوونە لە مێژوویەک هەوڵی عەقڵ و لۆجیک لە بەرانبەر پەرتووکە پیرۆزەکان، جا یان بەزەمینیکردنی پەرتووکەکان و پاراستنی پیرۆزییەکانیان، وەک زانایانی لاهووت و عیلمی کەلام ئەمەیان ئەنجام داوە، یان وەک ڕماندنی بنەچەی ئایین وەک فەیلەسووف و بیریارە دژە ئایینییەکان ئەمەیان کردووە، چونکە ئایین وەک کۆمەڵێک پاکێجی ئامادەکراو و وەڵامی ئامادە دێتە بەردەمی مرۆڤ و خۆی نمایندە ئەکات، لە بەرانبەردا فەلسەفە وەک دنەکردن و کەوتنە نێو فەزایەک لە بیرکردنەوە، نەک لە ئیمانهێنان، خۆی نمایندە ئەکات، دەتوانین بڵێین ئایین وەک پەیامێک بۆ ئەوانەی پێشمەرج خۆیان تەسلیم کردووە و ئیمانیان هێناوە وەک چۆن لە ئایینی ئیسلامدا (قورئان) ئاماژەی پێ دەکات. بەڵام فەلسەفە وەک چوونە دۆڵی بیرکردنەوە و هاندانی مرۆڤ بۆ گومان و بیرکردنەوە و تێڕامان.(Russell،1945،336). لێرەوە دووانەی

قوڵبوونەوە و شۆڕبوونەوە نێوخود و نێوبیرکردنەوە لە فەلسەفە، و ئیمانهێنان و وەرگرتنی کۆمەڵێک وەڵام لە نێو ئایین درک پێ دەکەین و مەودای گرژی نێوانیشیان دەردەکەوێت، لە هەمان کاتدا ئایینیش دەستەوەستان نییە لە بەرانبەر هەوڵ بۆ قرِکردنی یاخود بۆ بیرکردنەوەیەک لە ئایین لە دەرەوەی زمانەکەی وی زمانی پیرۆزی بە درێژاییی سوڵتەی ئایینی خوێنی فەیلەسووفان و نوێخوازان و بیریاران و شمشێری شەریعەترِەوان دۆست بوون و فەیلەسووفان و جەماوەر ئەغیار و نامۆ بوون، لە حاڵەتێک لە حاڵەتەکان ئایین هەوڵی داوە لێک تێگەشتن و دۆستایەتییەک پێشکەشی عەقل بکات وەک لایەنێکی باڵا و فەلسەفاندن و تێفکرین وەک لایەنێکی لاواز و خادمێک لە خزمەتیدا بێت. (Nasr،2002،50-45)

**لقی یەکەم: لە پێناسەکردنی ئاییندا:**

پێش پێناسەکردنی دین (ئایین) پێم خۆشە لەسەر ڕەگ و ڕیشەی وشەکە ڕابووەسم، وشەی (دین) لە وشەی (دین)ی ئاکەدییەوە هاتووە، کە بە واتای دادوەری و پاداشت دێت. تێگەشتن لەم خاڵە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە مرۆڤەکان پێش شارستانییەت و شار ئایینێکی دەستەجەمعی و ڕێکخراوی ئایینیان نەبووە، بگرە ئەزموونی فەردانە و

تاکانەی خودا یان سروشت کراوە، لەگەڵ هاتنە نێو جیهانی شارستانییەت پێگەی ئایین و پیاوانی ئایینی ڕوونتر و دیارتر بوو، کۆمەڵ لەسەر بنەمای ئایین بەڕێوەچوو، بێگومان قورسی پێناسەی ئایین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئێمە چەندین فۆڕم لە ئایینمان هەیە لە تەوتەمیزم و شامانییەکانەوە تا ئەگات بە ئایینەکانی ئاسیا – وەک: بودیزم، هیندۆس، تاویزم، کۆنفۆشیۆس- کە لە زۆربەی ڕووگەکانەوە لەگەڵ ئایینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین یەک ناگرنەوە چ جای لەگەڵ ئایین و باوەڕە ئەفریقی و ئەمریکی و ئوستوراڵیاییەکان یەک بگرنەوە،(دینانی،٢٠١١، ١٢-١٨). بیرۆکەی سەروو سروشت "فوق الطبيعي" وەک بیرۆکەیەکی بنچینەیی دادەنرێت بۆ زۆربەی پێناسەکانی ئایین، و دەربڕینەکە لێرەدا مەبەست لێی بریتییە لە هەموو شتێک کە لە سنووری زانینی مرۆیی دەردەچێت و دەکەوێتە پانتاییەکی نهێنی و نەزانراو، هەروەک هێربرێت سپێنسەر دەڵێت: ئایینەکان لەگەڵ جیاوازییان لە بیروباوەڕە دیار و ڕوونەکانیاندا، بەشێوەیەکی لەخۆگرانە و لە ناوەوەبوون (ضمنا) لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون کە ئەم بوونە ڕەمز و ڕاز و نهێنییەکە پێویستە شیتەڵ بکرێت.(Spencer،1896،220-215)

ماکس مولەر (1822-1900) هەمان باوەڕی هەیە و ئەڵێت: ئایین بریتییە لە کۆششکردن لەپێناو وێناکردنی

شتێک کە ناتوانرێت وێنا بکرێت، و گوتنی بۆ شتێک کە ناتوانرێت دەرببڕدرێت، ئایین بریتییە لە ئارەزوو بۆ بێ پایانی (بێ سنوور).(Müller،1887،12-5).

دۆرکهایم پێی وایە ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی درووستی ئایین بکەین ئەوکات پێویستە ئەو پێناسە بەسەر هەموو ئایینەکاندا داگرتە ببێت و لەخۆگری هەموویان بێت و لەژێر ڕۆشنایی ئەم مەرجەیدا پێناسەی ئایین لای دۆرکهایم بریتییە لە: ئایین بریتییە لە پەیڕەوێکی گونجاو لە بیروباوەڕ، و پەیڕەوکردنی ئەو بابەتانەی لە خولگەیەکی پیرۆزدا دەسوڕێنەوە و پەیڕەو دەکرێت بە جیاکردنەوەی لە ناوەندە دونیاییەکە، و گەمارۆ دەدرێت بە چەندین جۆر لە تابۆ.(Durkheim،1912،55-47)

شیشرۆن لە پێناسەی ئاییندا دەڵێت: ئەو پەتەیە کە مرۆڤ بە خودا دەگەیەنێت.(Cicero،45BCE،38-32 )

لەم پێناسەدا بیرۆکەی خودایی- الألوهیة – سەنتەری پێناسەکەیە بەڵام دۆرکهایم لەسەر حەق بوو کاتێک ئاماژەی بەوە دا کە ئەم پێناسانە تەنها فەزایەکی مەسیحی- یان ڕوونتر بڵێین ئیبراهیمی- لەخۆی دەگرێت و ناتوانین وەک پێناسەیەکی ڕاست و درووست وەری بگرین.

پێناسەکردنی ئایین لە لای زانایانی ئیسلامیش گرنگی خۆی هەیە، بەڵام پێناسە ئیسلامییەکان بەشێوەیەکی زۆر ڕادیکاڵانە تەنها ئیسلامیان بەرچاو گرتووە، ئەوەش شتێکی

ئاساییە چونکە ئایین پڕ لە موتڵەقییە و مرۆی ئاییندار لەو کەشەدا دەژیەت، لە کۆتاییدا دەتوانم لە بری پێناسە و مەفهومی ئایین بە کورتی بڵێم: ئایین بریتییە لە پەیوەندیی مرۆڤ بەو هێزە بێسنوورەی کە وێنای دەکات- خودا- ، بە هەمان شێوە ئایین بریتییە لە کۆمەڵێک بیروباوەڕ لە ڕووگەیەکی فکرییەوە، و کۆمەڵێک ئەفسانە لە ئەو ڕووەی لە خودا دەدوێت، و کۆمەڵێک پەرستش لە ڕووی کردارەکی ئایینییەوە، و دوانە لەسەر دوای ژیان.(دینانی، ٢٠١١، ٢٥-٣٢).

**لقی دووەم: پێناسەی فەلسەفە:**

لە ڕاستیدا گەر پێناسەی ئایین تەنها لەو ڕووەوە کێشە بێت کە لە هەندێک لە ئایینەکاندا خودا خۆی جەوهەری باسەکە نییە بەڵکوو بوونەوەرانی ڕۆحی جەوهەرن، ئەمەش وابکات پێناسەیەکی درووست بۆی قورس بێت، کارەکە لە پێناسەکردنی فەلسەفەدا قورستر و ئاڵۆزتر دەبێت، باشتر وابوو ئەم لقەم ناوبنایە "هەوڵێک بۆ پێناسەکردنی فەلسەفە" نەک پێناسەی فەلسەفە. بەتایبەت چونکە هەر قوتابخانەیەکی فەلسەفی هەوڵی ئەوە دەدات پێناسەیەکی درووستی فەلسەفە بکات کە لەگەڵ قوتابخانەکەی خۆیدا بگونجێت و دژیەک نەبێتەوە،

خۆشەویستی حیکمەت (philo-sophie) ئەمە ئەو پێناسەیەیە کە زۆرجار پێمان دەدرێت بۆ نزیککردنەوەی تێگەشتن لە فەلسەفە، ئەو کەسەی فەیلەسووفە خەریکە بە تیلەچاوی و بە سۆزێکی پڕ لە ئەڤینانەوە شوێن حیکمەت- دانایی (Wisdom- knowledge) دەکەوێت، و وێڵی حەقیقەت دەبێت.(Rusell،1945،5-1)

واژەی "دۆستانی دانایی" بۆ ئەو کەسانە بەکار دەهات کە سەرقاڵی وێ کەوتنی سروشتی شتەکان بوون، و دەستیان هەڵگرتبوو لە شێوەکانی تری زانین(مەعریفە) و کاتێک هەستیان بە کاڵوکرچی و سنووری زانینی خۆیان کرد، خۆیان ناوزەند نەکرد بە "دانا" و وشەی "دانایی"شیان دانەبڕی بەسەر زانینەکەیاندا، بەڵکوو ئەوان هەوڵیان بۆ داوە و بە ئەندازەی توانا ویستویانە پێی بگەن...، ئا ئەم داناییە بریتییە لە بابەتی فەلسەفە، بەڵام بابەتێکە فەلسەفە بەرەو ڕووی دەڕوات نەک خاوەنی بێت، دانایی داوا دەکرێت لەبەر خودی خۆی (لذاتها) هەر بۆیە ناکرێت کە مرۆڤ بە تەواوەتی خاوەنی بێت.(Kenny،2010،10-3)

سەموێل ئەلکسەندەر دەڵێت: فەلسەفە هاریکاری بە ئامانج دەگرێت لە بووندا لەگەل شتەکاندا، هەروەها هایدیگەریش

دەڵێت: فەلسەفە بوون لەگەڵ شتەکاندا بە ئامانج دەگرێت.(Alexander،1920،9)

کارڵ مارکس پێی وابوو کە: فەیلەسووفەکان ڕاهاتوون لەسەر شیتەڵکردنی جیهان بە چەندین شێواز، بەڵام ئەرکی فەلسەفە – لە بیروباوەڕی ئەودا- بریتییە لە کارکردن لەسەر گۆڕینی جیهان و چاککردنی ئەو شێوازەی کە هەیە و ڕزگارکردنی مرۆڤ لە جەور و ستەمکاری خوڕافات.(Marx،1844،13)

ژێل دولوز پێی وایە کە فەلسەفە بریتییە لە داهێنانی چەمکەکان (إبداع أو صنع المفاهيم).

**باسی دووەم: فەلسەفە و گDG**دەکات، کە مرۆڤ دەست بە فێربوونی گومان دەکات، بەتایبەت گومان لەو بیروباوەڕانەی کە خۆشی دەوێن و لای پەسەندن. ئەو باوەڕ و شتە بەڵگەنەویست و هەقیقەتە چەسپاوانەی کە باوەڕی پێیانە و بە پیرۆزیان دەزانێ.

کاتێک سەیری مێژووی فەلسەفە دەکەین، بەتایبەتی فەلسەفەی خۆرئاوایی، یۆنان دەبێتە دایکی هەموو فکر و فەلسەفەی خۆرئاوا و لێرەوە سەرەتای گومان و

پرسیارەکان لەبارەی بوون و مرۆڤ و سیستمی سیاسی و ئابووری و زانست سەریهەڵدا.(دولوز،٢٠٠١، ١٥-٢٥)

زانیمان کە وشەی Philosophy فیلۆسۆفی لە دوو وشەی لێکدراوی یۆنانی پێکدێت کە مانای خۆشەویستی بۆ حیکمەت دەگەیەنێت، بۆ یەکەمجاریش وشەی فەلسەفە یان فیلۆسۆفی لەلایەن فەیلەسووفی یۆنانی فیساگۆرسەوە بەکار هات و چووە ناو فەرهەنگی فکری جیهانەوە.(کنی،٢٠١٠)

هەمیشە جوگرافیا و کەشوهەوا کاریگەرییان بەسەر مرۆڤەکانەوە هەیە بۆ هەڵبژاردنی شوێنی مانەوە و ژیان. ئەم خاڵە زیاتر فەیلەسووفی ناسراوی فەرەنسی مۆنتسکیۆ داکۆکی لێ دەکات.(برنهایم،١٩٩٦، ٥٨-٦٢)

وەکوو دەشزانین سەرەتای هەموو فەلسەفەیەکیش بە پرسیار و گومان دەست پێ دەکات. فەلسەفە وەک پەیدۆزی بنەما هەقیقییەکانی هەموو شتەکان، هەوڵێکە بۆ جێگرتنەوەی گومان لەبارەی ئەم بنەما بەرایییە، لەگەڵ ناسین یان زانستی هەقیقی سەبارەت بەوانە.
فەلسەفەکردنی مرۆڤ ئاماژەیە لەسەر کردەی بیرکردنەوە. "ئەوەش کە ئێمە بیر دەکەینەوە ئەمەیان بناغەی بوونی

مرۆییمان نیشان دەدات". گومان Sceptienیش بێ چەندوچۆن، بەپێی ئەوەی فەلسەفەکردن پرۆسەیەکە لە بیرکردنەوە ئەم بیرکردنەوەیە لە فۆڕمی گومانیشدا خۆی بەیان دەکات. لە گەوهەریشدا فەلسەفە لەسەروبەندی دەرکەوتنیەوە لەتەک واتای گومان جۆرە پێوەندییەکی بەتینی پێکهێناوە و کاردانەوەی خۆشی بە قووڵی لە بواری شیکردنەوە هزرییەکاندا خستۆتەوە. گومان کە هەمیشە مانایەکی ترمان یاد دەخاتەوە کە ئەوەش یەقینە ڕەوتی بیرکردنەوەی مرۆڤی هەمیشە بەجۆرێک گۆڕیوە مایەی هەڵوەستەکردن بووە. بۆیە شیاوە بووترێت کە "یەقین" و "گومان" پێکەوە ئەو گفتوگۆ فەلسەفییە زێدە چڕەمان پێشکەش دەکەن کە دەرگایەکی نوێ لە گوزارشتەکانمان بەڕووی ئەو شتانە دەکەنەوە لە ژیانمانا تەڵخ و ناڕوونن، لە لایەکی ترەوە ئەو شتانەش کە دوو دژن. لێرە مەبەستمان لەم دوو دژە ئەوەیە، گومانی فەلسەفی مرۆڤێک لە شتێ یان کەسێ ئەم گومانە ئەم مرۆڤە فڕێدەداتە نێوان دوو حاڵەتی ناکۆک و ناچووستەوە. چونکە مرۆڤە کە بەو بینینە گوماناوییە دەگات ئایا ئەو کەسە یاخود ئەو شتە پەسەند بکات یان ڕەت بکاتەوە؟ کەوابێت ئێمەی مرۆڤ لەخۆڕا گومان ناکەین و وزەی بیرکردنەوەمان لەو شتانەدا سەرف ناکەین مایەی حاڵیبوون بن و یان ڕوون بن. بۆ ئەوەی گومان بکەین بەدوای یەقین دا دەگەڕێین کە

یەقینیش وەدەست دێت گومان کۆتایی دێت. لێ گومان و یەقین ئەمە بریتییە لە کۆکردنەوەی دوو لای دژ. (Montesquieu،1748،22-14)

بۆیە لەم نووسینەدا قسە لە گومان وەک ئاراستەی لە بیرکردنەوە دەکەین. ئەم لایەنەش سەرچاوەی خۆی لە یۆنانی کۆنەوە وەردەگرێ. بە مانایەکی تر، گومانسازی فەلسەفی، یانیش گومان وەک واتایەکی فەلسەفی، لەگەڵ کۆژیتۆی Cogito بیرمەند و بیرکاری ناسراوی فەرەنسی ڕێنێ دێکارت René Descartes نەهاتۆتە دونیاوە بەڵکوو ئەمە لە پێش زاینەوە بوونی هەبووە و ڕیشەشی بۆ سەردەمی پێش فەلسەفەی سوکرات دەگەڕێتەوە. (حکیمی، ١٩٩٩، ٣٠-٤٢).

گومانکردن، کە بەشێکە لە پیشەی فەلسەفەکردن، دید و وێنابوونی فەلسەفی جیاجیا دەسازێنێ و، فەیلەسووفیش کە دەیەوێت بەگشت شتێک ئاشنا بێت دەخوازێ گومان بکات، دەیەوێ زانینی لەسەر گشت شتێک هەبێت. بۆ فەیلەسوف دەیەوێ بەگشت زانینێ ئاشنا بێ و زانینیشی لەسەر گشت شتێک هەبێت؟ فەیلەسووف ئەمە ناکات هەر لەبەر ئەوەی سەرچڵئامێزە بەڵکوو لەبەرئەوەش کە پێی وایە ئەو زانینە بۆ مرۆڤ پێویستە لە گەیشتن بە حەقیقەت. ئەو زانینەش لەمیانەی گومانکردنەوە ئەستەم نییە گەیشتن پێی.

گومانکردن بۆ گەیشتن بە زانین شیاوی درووست کردووە لەبەردەم تێگەیشتنمان لەوەش کە پێی دەڵێین یەقین. بەپێی ئەوەش گومانکردن ئاوێزانی ژیانە گومانسازی ڕێبازێکە لە ڕێبازە فەلسەفییەکان و دەرگاش لە هەڵوەشانەوەی یەقین و خوڵقانی زانین دەکاتەوە. (Decates،1641،30-17).
لە گەڕانەوەش بۆ ڕیشەی مێژووی گومان لەوە تێدەگەین کە گومان بەشێکە لە تێڕامانی فەلسەفی و ڕاشماندێنێ لەسەر گەیشتن بە یەقین و گەڕانیش بەدوای یەقین لای بیرمەندان هەمیشە مەبەستی گەورەی لەپشتەوە بووە. ڕاستە گومان دێکارت وتەنی شتێک ڕەها نییە بەس کەم شت هەیە شایانی گومانلێکردن نەبێت. یەک لەو پێناسانەش دەدرێتە پاڵ گومان ئەوەیە کە گومانکردن خۆی لە فۆڕمی بیرکردنەوە نیشان دەدات. هەربۆیشە دەشێ بووترێت گومانکردن پڕە لە وزە. چونکە کە گومان دەکەین بیر دەکەینەوە. لە بنەڕەتیشدا ئێمەی مرۆڤ لە شتێک گومان دەکەین کە زانینێ تەواو یان باوەڕپێکراومان بەدەستەوە نییە لەسەر ئەو شتە. کەوابێت گومان دەکەین تا ئەوە بەدەست بێنین وەدەستنەهاتووە. ئەڵبەتە گومانکردن پشکنین و بەدواچوونیش دەگەێنێ. چونکە ئێمەی مرۆڤ کە بەهۆی گومانەوە دەکەوینە ناو زۆنی بیرکردنەوەوە لەڕێگای گومانەکانمانەوە لەوە دەکۆڵینەوە پێشتر لێی نەکۆڵاوینەتەوە. هاوکات گومانکردن وەک بیرکردنەوە

هەڵوەستەێ عەقڵیشە بۆ یەکلاکردنەوەی دوو دژ. ئەڵبەتە گومانکردن دەشمانپارێزێ لە بیرێک شایانی پەسەندکردن نییە.(33،1641،Decartes)

**باسی سێیەم: ئایین و ئیمان**

چەمکی ئیمان بە درێژاییی مێژوو ڕووبەڕووی شێواندن بووەتەوە، ئە و مانا و پێناسانەی کە وەریگرتوون، گوزارشت بووە لە بەدحاڵیبوون و بارکردنی ماناگەلێکی بەرتەسک و ڕواڵەتی و ناکام، بە جۆرێک بووە بە چەمکێک، لەبری ئەوەی لە چارەسەرکردنی مرۆڤدا بەکار بێت، زیاتر خۆی پێویستی بە چارەسەرە، لەنێو ئاییندا –ئایینی یەکتاپەرستی- چەمکی ئیمان بابەتێکی هەستیارە و هەوڵدراوە بناسێنرێت و سنوورەکانی دیاری بکرێت، هەرچەندە هەڵگری هەمان مانا زمانەوانییەکەیەتی، بۆیە دەبینین لە کتێبە ئایینییەکاندا لە وەڵامی پرسیاری (ئیمان چییە)دا، پێناسەیەک بۆ ئیمان خراوەتە ڕوو: ئیمان متمانە هێنانە بە هاتنەدیی ئەو شتانەی کە هیواخوازی دەبین، باوەڕهێنان و دڵنیابوونە بەرامبەر هەبوونێکی ڕاستەقینەی ئەوەی نایبینین (عیبرانیەکان، 11: 1). لە ڕوانگەی ئەم ئایەتە و ئایەتەکانی دیکەی پەرتووکی پیرۆزەوە، لاهوتییەکانی ئایینی مەسیحی، توانیویانە ئیمانی مەسیحی بناسێنن بەوەی کە جەوهەری ئیمان، واتە مەسیحیبوون...

متمانەکردن بە خودا، سادەییە لە بڕواهێناندا نەک ساویلکەیی. بەڵکوو درووستتر ملکەچبوونە بۆ خودایەک کە لەنێو ئە و سیستمەدا باس کراوە و نەخشێنراوە. سپێنۆزا ئەم مانایەی ئیمان دووپات دەکاتەوە کاتێک دەڵێت: تەنیا ئامانجی پەرتووکی پیرۆز، فێرکردنی ملکەچییە. لەم بارەیەوە کەس ناتوانێت ناکۆک بێت لەگەڵم، کەس هەیە ئە و ڕاستییە نەزانێت کە تەورات و ئینجیل، هیچ نین جگە لە وانەیەک لەبارەی ملکەچبوونەوە (لطفی ۲۰۰۳، ۸۵-۹۷). دەرئەنجام ئیمانداری ڕاستەقینە ئە و مرۆڤەیە کە بەتەواوەتی ملکەچە.Popkin)،1960،(17-3

ئە و مانایەی کە تا ئێستا بە ئیمان دراوە، بەتایبەت لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتدا، مانایەکە دوچاری چەندین گرفت دەبێتەوە، ئەم گرفتانە ئەرزشی ئەوەیان هەیە کە مرۆڤ جارێکی دی کەمێک هەڵوەستە لەسەر چەمک و مانای ئیمان بکاتەوە، چونکە لە بەرچاونەگرتنی ئەم گرفتانە، بەدەر لەوەی لە خودی خۆیاندا کاریگەرییان لەسەر ژیانی ماددی و مەعنەویی مرۆڤ هەیە، دەبنە مایەی سەرهەڵدانی چەندین گرفتی دیکە، کە زۆرجار هەڕەشەن بۆ سەر بوونی مرۆڤ و جیهان، وەک ئە و گرفتانەی کە دەشێت بە گرفتی ئەخلاقی ناوزەد بکرێن، کە هەنووکە ئیمانداران لە نێویدا دەژین، دەکرێت بابەتەکانی وەک هەڵنەکردنی ئایینەکان لەگەڵ یەک و سووکایەتیکردنی ئیماندارن بە یەکدی و دواجار

بەرپابوونی جەنگەکان و ڕەوایەتیدان بە کوشتن و تیرۆر و توندوتیژی... هتد بخرێنە نێو ئەو گرفتانەوە کە بەربنەمای بە هەندوەرنەگرتنی ئە و سێ گرفتەی کە باس کرا لەو مانا باوەی ئیمانەوە، بێنە ئاراوە، بەڵام کاتێک ئیمان لەو مانایە ڕەها دەکرێت و مانایەکی دیکەی پێ دەدرێت، هەموو مرۆڤێک بە جیاوازیی ڕەگەز و ئایین و بیروباوەڕ و دنیابینییەوە لەئامێز دەگرێت و دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بەهادارکردنی مرۆڤ وەک مرۆڤ.(هادیان،٢٠٠٦، ٢٢-٣٥).

**باسی چوارەم: ئیمان و گومان**

گومان بەگشتی و گومانکردن لە خودا هێندەی دێرینیی ئیمان بە مانای باوەڕهێنان بە خودایەک، دێرینە، ڕەنگە سروشتی مرۆڤ خۆی ئەوە بسەپێنێت کە لە هەر کوێ باوەڕهێنان بە خودا، یان پرس و حوکمەکان لە ئارادا بووبێت، ماکەکانی گومانیش لەنێو ئەو بازنەی ئیمانەدا سەرهەڵبدات، چونکە دەبینین یەکەم گومان بەر لە دووهەزار و شەشسەد ساڵە چووەتە نێو تۆمارەکانی مێژووەوە، ئەمەش وا دەکات کە گومان بەراورد بە چەندین چەشنی ئیمان لەپێشتر بێت، ڕەنگە ئیمان کارێکی سەرسامکەر بێت.

ئیمان وەک باڵاترین خەم، کردەیەکە لە پشت دیاریکردنەکانی کردەی کۆتاوە، ناکۆتا بەشداریی تێدا دەکات، بۆیە بە ئەندازەی بەریەککەوتنی ئیمان لەگەڵ ئەو ناکۆتایەی کە بوونەوەرێکی کۆتادار پەیوەست دەبێت پێیەوە، گومانگەرایە. ناکرێت ئەم توخمە لە گومان لەناو ئیماندا لا ببرێت، بەڵکوو پێویستە قبووڵ بکرێت، ئەو توخمەش کە ئەمە لە ئیماندا قبووڵ دەکات، دلێرییە، گەر ئیمان وەک باوەڕهێنان بە درووستیی شتێک بێت، ئەوا گومان لەگەڵ کردەی ئیماندا لێکدژە، بەڵام گەر وەک باڵاترین خەم لێی تێگەیشتین، ئەوا گومان توخمێکی زەروورییە تێیدا، چونکە گومان دەرئەنجامێکی ناچارەکیی ڕیسککردنە بە ئیمانەوە.(Kant،1739،60-45).

## باسی پێنجەم: پێکگەشتنی ئایین (ئیسلام) و فەلسەفە

### لقی یەکەم: ئایینی ئیسلام و فەلسەفە

پێکگەشتنی ئیسلام (عەرەب) بە فەلسەفە و لۆجیک و زانست و زانیاری پێکگەیشتنێکە دەکەوێتەوە سەر بابەتێکی ئاڵۆزی مێژوویی، گەر خەڵکی سوریا (سریانییەکان) و میسڕ و عێراق بە عەرەب حساب بکەین، ئەوا عەرەبی جاهیلی (بە واتا ئیسلامییەکە) زۆر زاناتر بوون لە سێ سەدە زێڕینەکەی سەرەتای ئایینی ئیسلام، بەڵام لەڕووی مێژوو و زمان و کولتوور و هەموو شتێکەوە جیاوازییەکی

زۆر هەیە بۆیە ناتوانین هەوڵەکانی پیاوانی کەنیسەی ئەنتاکیا بە هەوڵانێکی عەرەبی هەژمار بکەین، دەربارەی ڕەچەڵەکی عەرەب و ڕەچەڵەکی میسرِی و عێراقی و خەڵکی شام (بە جوگرافیا کۆنەکە)ـە. لەلایەکی تریشەوە لە ڕووی زمانی نووسین و نووسینی مەعریفی عەرەبی پێش ئیسلام کێشە و ئاریشەی ورد هەیە، بۆیە ڕاستەوخۆ لەسەر فەزا ئایینیەکەی عەرەبەکان – موسوڵمانەکان- و فەلسەفە دەدوێم.(James،1902،22)

یەکەم هەوڵێک بۆ وەرگێڕان و هێنانەناوەوەی لۆجیک و فەلسەفە بۆ نێو جیهانی ئیسلامی بە شێوەی نووسین و کار لەسەر کردن لە لایەن "عەبدوڵڵا ئبین موقەفەع"ەوە کراوە، الزركلي لە ژیاننامەکەیدا دەڵێت: لە زانا نووسەرەکان بووە، و یەکەم کەس بووە لە ئیسلامدا سەرقاڵی پەرتووکی لۆجیک (منطق) بووە، لە بنەچەدا فارسە، لە عێراق لەدایک بووە. سەرپەرەشتی نووسینی دیوانی کردووە بۆ خەلیفەی عەبباسی المنصور (أبو جعفر) و هەر سێ پەرتووکەکەی ئەرستۆتاڵیسی بۆ وەرگێڕاوە لە لۆجیکدا، و پەرتووکی "دەرچەیەک بۆ زانستی لۆجیک" ناسراو بە "ایساغوجی" وەرگێڕاوە بەهەمان شێوە، و پەرتووکی "كليله و دمنه"ـی لە فارسییەوە وەرگێڕاوە کە بە ناوبانگترین نووسراویەتی، و تۆمەتبارکراوە بە زەندەقە (بێباوەڕی و کوفر) ئەمیری

شاری بەسرە سفیان بن معاویه المهلبی کوشتی.(قاضی،١٩٩٨، ٢٨)
بەم شێوەیە یەکەم وەرگێڕی فەلسەفە و لۆجیک کوژرا، یەکەم پێشوازی جیهانی ئیسلامی بۆ بیریارێکی مەزن و وەرگێڕێکی بەتوانا بریتی بوو لە کووشتنی، ئەمە تەنها ڕووداوێک نییە پاشخانێکی کۆنی هەیە و پەیامێکیشە بۆ داهاتوو.
دووەم کەسایەتی کە وەرگێڕی فەلسەفە بووە بۆ جیهانی ئیسلامی بریتییە لە: حونەین بن ئیسحاق، دکتۆر بووە و پەرتووکەکانی فەلسەفە و پزیشکی وەرگێڕاوە یەکێک لەوانە پەرتووکی (مقالات أرسطو فی علم النفس-خ) و پەرتووکێکی لەسەر میوزیک وەرگێڕاوە، نستوری - کریستیان-بووە، خەڵکی بەغداد بووە و هەر لەوێش وەفاتی کردووە و لە کۆتاییی تەمەنیدا ئیفلیج بووە.(طباطبایی،١٩٩٣، ٤٥-٤٨).
جێی تێبینییە ئەمە لەسەر ئاستی نووسراوی تەواو بەم چەشنەیە ئەگینا لەگەڵ بەرکەوتنی جیهانی ئیسلامی بە کریستیانەکانی شام و بە سریانی و مەندائییەکان تووشی چەندین گرفتی فیکری بوونەتەوە کە سەرچاوەکەی ئەو بەریەککەوتنە بووە و ڕەگێکی فەلسەفی یاخود لاهووتی کریستیانی یان ئایینەکانی تر بەسەر بابەتە کەلامییەکانەوە هەبووە، لە دیارترینیان بابەتی "خلق القرآن"ـە کە لە لایەن یوحەننای دیمەشقی ئاڕاستەیان کرابوو، بەڵام بەشێوەیەکی

تەواو و مێژووی بەم جۆرە ئەدەبیاتی فەلسەفی داخڵ بە جیهانی ئیسلامی بوو هەتاوەکوو ساڵی 217هـ/832م خەلیفە مەئمون "خانەی حیکمەت"ی دامەزراند و ئەمجار بەشێوەیەکی زۆر چڕ و پڕ کار لە سەر وەرگێڕانی لۆجیک و فەلسەفە و گوتاری ئایینەکانی تر بۆ نێو جیهانی ئیسلامی کرا.(شیخ اسلامی،٢٠٠٦، ٦٠-٧٢).

خەلیفە مەئموون لە بەغداد ساڵی 217هـ لەسەر شێوازی زەردەشتی و نستورییەکان شوێنێکی دامەزراند و ناوی لێ نا "بیت الحکمة – خانەی دانایی-" و دای بە دەستی یەحیای بن ماسویە کە کۆچی کرد لە ساڵی 243هـ کە یەکێک بوو لەو نووسەرانەی بە زمانی سریانی و عەرەبی ئەیتوانی بنووسێت، گەورەترین خزمەتانێک لە بیت الحکمة لە لایەن خوێندکارەکانی یەحیاوە کراوە، و دیارترین خوێندکاری حونەین بوو کە باسمان کرد، لە پاش حونەین، کوڕەکەی و کوڕی خوشکەکەی حوبەیش ئەلئەعسەمی دیمەشقی، و کوڕەکەی حونەین دەورێکی زۆر دیاری هەبووە پەرتووکی (باری أرمیناس) کە پەرتووکی العبارە ی ئەرستۆتاڵیسە ئەم وەریگێڕاوە، (دینانی،٢٠٠٩، ٤٣).

دوای ئەوانیش قیستا بن لوقا ئەلبەعلەبەکی دێت، کە لە یۆنان خوێندوویەتی و وەرگێڕانێکی زۆری کردووە، و ناسراوترین پەرتووکی پەرتووکێکە لەسەر کشتوکاڵکردنی یۆنانییەکان کە لە سریانییەوە وەریگێڕاوە لە ساڵی 1293هـ

لە میسرِ چاپ کراوە. سەدەی چوارەمی هیجری سەدەی زێڕینی وەرگێڕان بووە، مەزنی وەرگێڕان و شکۆی وەرگێڕان لەم سەدەیەشدا هەر لای کریستییانەکان بووە کە لە ژێر جەسەڵاتی ئیسلامیدا ژیاون، و زۆربەی پەرتووکەکان لەم سەردەمەدا لە یۆنانییەوە وەرگێڕدراون، زۆربەی وەرگێڕەکان لە یۆنان یان ئیسکەندەرییە (میسرِ) زمانی یۆنانییان خوێندووە و زۆربەی وەرگێڕەکان دەیانتوانی لە یۆنانی و سریانییەوە وەربگێڕن، و هەندێک وەرگێڕ هەبوون کە تەنها لە سریانییەوە وەرگێڕانیان دەکرد، بەڵام ئەمان لە پلەی دووەمدا دادەنران و پلەی یەکەم بۆ وەرگێڕانێک بوو کە ڕاستەوخۆ لە یۆنانییەوە وەردەگێڕن.(23،1985،Bangs).

پاشان وردەوردە بەیتی حیکمە وەلا دەنرا هەتاوەکوو وەک خانەیەکی مردووی لێ هات و تەنها نووسراوەکانی مابوویەوە، هەتا هێرشی هۆلاکۆ بۆ سەر بەغداد و تورِدانی ئەو پەرتووکانە بۆ نێو ئاوی دیجلە.(MuslimTimes،2016)

ئەوەی زۆر بەڕوونی جێی تێبینییە کە فەلسەفە و لۆجیک و هاتنی بۆ نێو جیهانی ئیسلامی لە لایەن عەرەبەکانەوە نەبووە و لە پانتاییە زۆر فراوانەکەیدا لە لایەن موسوڵمانەکانەوە نەبووە بگرە کاری کریستییانەکانی سوریا و عێراق بووە، بەڵام بوونی ئەم پەرتووکانە

کاریگەریی زۆر ڕوونی لەسەر تاقم و گرۆ ئیسلامییەکان بەجێ هێشت(Nasr،1964،128).

**لقی دووەم: کاردانەوەی جیهانی ئیسلامی لە بەرانبەر فەلسەفەدا**

بێگومان پێش وەرگێڕانەکان بۆ جیهانی عەرەبی مسوڵمانەکان- بەتایبەتی فارس و نەتەوە غەیرە عەرەبەکان- بەرکەوتنیان لەگەڵ لۆجیک و فەلسەفە و بابەتەکانی هەبووە، هەر بۆیە ڕیوایات زۆر هەیە لە زەمی جەهمی و قەدەری و موعتەزیلەکان کە ئەمانە ئەهلی کەلام (کاریگەرن بە فەلسەفە)ن و بیدعەیان کردووە و زانایانی ئیسلامی دژیان بوونەتەوە بەڵام، لە یەکەم کاردانەوەی زۆر ڕوون و ئاشکرا لە دژی فەلسەفە و لۆجیک لە لایەن کەسایەتیی دیاری جیهانی ئیسلامی "الشافعي"یەوە بووە، و شافعی زۆر دژ بووە بە فەلسەفە و لۆجیک و بیرکردنەوە و وتویەتی: خەڵکی نەزان نەبوون و تووشی ڕاجیای نەبوون مەگەر بە هۆی وازهێنانیان لە زمانی عەرەبی و ڕووکردنیان لە زمانی ئەرستۆتالیس.(Makdisi،1990،-21 40).

لێرەدا مەبەستی شافعی تەنها زمان نییە بگرە ئەو شێوازە جودایەی بیرکردنەوە و قیاسکردنە هەروەک چۆن سیوتی

ئاماژەی بەمە کردووە لە ڕاڤەی قسەکەی شافعیدا لە پەرتووکی "صون المنطق"، و بە کەڵکەڵەی ئەوەی هەرکێ توخنی لۆجیک بکەوێتەوە کافر دەبێت وشە بە ناوبانگەکەی شافعی (من تمنطق تزندق)، کاریگەریی عەقڵیەتی شافعی و قسەکانی لەسەر جیهانی ئیسلامی تا ئەمڕۆش کاریگەرییەکی ئامادەیە، شافعی پێی وایە گەر کەسێک خەریکی فەلسەفە بوو، پێویستە لێی بدرێت و ئیهانەی بکرێت و لە نێو گەلەکەی بە چاوێکی کەمەوە سەیر بکرێت، زۆر بەکورتی دەڵێت: حوکم و بڕیاری من بۆ کەسێک کە سەرقاڵی لۆجیک و فەلسەفەیە حوکمەکەی عومەری کوڕی خەتتابە بۆ عبد الله ابن صبی(خالید،٢٠١٥).
بە هەمان شێوەش لە عەقڵیەتی مەزهەبەکانی تریشدا زەمی لۆجیک و فەلسەفە کراوە، هەر سێ سەر مەزهەبەکەی تری ئیسلامیش لە چوار مەزهەبە سوننیەکە (شافعی، ئەحمەدی حەنبەل، ئەبو حەنیفە، مالیکی کوڕی ئەنەس) دژ بە لۆجیک بوون و بە شتێکی خۆماڵییان نەزانیوە، دوو کەسایەتی تری زۆر گرنگی جیهانی ئیسلامی باس ئەکەم کە کاریگەرییان هەیە لەسەر جیهانی ئیسلامی بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر ئەویش ئیبن سەلاحی شارەزوی و ئیبن تەیمیەی حەڕانییە. ئیبن سەلاح لە فەتواکەیدا بەم جۆرە باسی لۆجیک و فەلسەفە دەکات و دەڵێت: لۆجیک (منطق) دەروازە و دەرچەی فەلسەفەیە، و دەروازەی شەڕ و خراپەش خراپ

و شەڕە (داروازەکەش خراپە)، فێربوونی موباح نییە (حەرامە) خودا و سەحابە و سەلەفی سالّح و ئەوانەی شوێنکەوتەی ئەوانن بە موباحیان نەزانیوە.(ابن صلاح، ١٩٦٣، ١٢-٢٣).

ئیبن سەلّاح لە فەتواکەیدا دەڵێت: ئەوەی پێی وایە لۆجیک و فەلسەفە شتێکی فێر دەکات ئەوە شەیتان فێڵی لێ کردووە، واتە ڕوویەکی شەیتانی دراوە بە فەلسەفە.
ئیبن تەیمییە پەرتووکێکی نووسیوە لە دژی لۆجیک و فەلسەفە و ناوی ناوە (نقض المنطق) لێرە ڕەخنەی لە زۆربەی بابەتەکانی لۆجیکیش گرتووە- بەپێی ڕەئی خۆی کە هەڵەن- و وتویەتی : لۆجیک شتێکە مرۆی زیرەک پێویستی پێی نییە و مرۆی کەودەن هیچی لێ فێر نابێ.
بێگومان گەر بمانەوێت باسی قسەی هەموو زانایانی ئیسلامی بکەین زۆر زۆری دەوێت، بەڵام ئەمەندە بەسە بۆ تێگەشتنی لە عەقڵیەتی ئیسلامی لە لایەن ئەو مرۆڤانەی داینەمۆی تێگەشتنی ئیسلامی و فەهمێکی ئیسلامین، و نموونەی باڵای موسوڵمانانن. ڕەنگە تێگەیشتنێکی نەرمتر کە لە خەیاڵمان بێت تێگەیشتنی مرۆڤە عارفەکانە، و پێمان وابێت ئەوان پشتگیری تەواوی فەلسەفەن بۆ ئەمەش نموونە بە "ئیبن عەرەبی" دەهێنمەوە و ڕوونی دەکەمەوە

تەنها لە حاڵەتێکدا قبووڵە کە لە خزمەت پرۆسەکەی ئەودا بێت لێرەشدا فەلسەفە مردووە ئەوەی هەیە سازانی نێوان ڕەنگە بەشەری و خوداییەکەیە.(ابن عربی،١٩٨٢، ١١٠-١٢١)

وەک ڕوونە لە تەمەنی لاوێتیدا ئیبن عەرەبی گەشتووە بە ئبین ڕوشد، و ئیبن عەرەبی پێی وایە مادەم فەیلەسووف پشت بە هزری دەبەستێت و بەشێوازێکی عەقڵی دەیەوێ شتەکان تێبگات تووشی هەڵە دەبێت بەڵام ئایین و تەسەوف چونکە خودایین و خوداکردن ئەو کێشەیەیان تووش نابێت بۆیە لەلای ئەمیش تەسەوف و دین سەنتەرن و فەلسەفە و عەقل خزمەتکارن.

لە ڕووگەیەکی تریشەوە ئیبن عەرەبی پێی وایە فەلسەفە هیچ نییە بێجگە لە ئایینی پەیامبەر ئیدریس نەبێت و پاشان شێوێنراوە! و دەڵێت: خەڵوەتم کێشاو و هەوڵمدا هەقیقەتی ئیدریسی پەی پێ ببەم، دیتم کە هەڵە هەمیشە تووشی فەیلەسووفەکان ئەبوو لە ڕێگەی تەئویلکردنەوە، چوونکە ئەوان (فەیلەسووفەکان) زانستیان لە ئیدریس وەرگرتووە، پاشان کە ئیدریس بەرز کرایەوە بۆ ئاسمان تووشی ڕاجودایی بوونەوە لە شەریعەتەکەیدا وەک چۆن زانایانی ئێمەیش (زانایانی ئیسلامی) تووشی ڕاجیایی بوونەتەوە، ئەمەیان شتێکی حەڵاڵ کردووە و ئەوی تریان حەرامی کردووە، وردە وردە و ڕۆژان هات بەسەریدا هەتاوەکوو

هەڵەیان تووش بوو لە بابەتە خوداییەکاندا (الإلهيات).(رضا،١٩٩٧).

لەگەڵ ئەمەشدا لە زانایانی زانستی کەلام زۆربەیان دژ بوون بە خوێندنی فەلسەفە و تەنها ڕازی بوون بە خوێندن و ئاگاداربوون لەو فەلسەفەیەی کە خۆماڵییە و دەستکاری کراوە، بۆیە هەتا بە شێک لەو کەسانەشی لە جیهانی ئیسلامیدا خەریکی فەلسەفە بوون بە بابەتییانە تووشی لێدان و ئازاردان و نەفیکردن و هەزاران جۆری سووکایەتی بوونەتەوە بە تەکفیرکردنیشیان نەوەستاون، وەک نموونەی کیندی و فاڕابی و ئیبن سینا و ئیبن ڕوشد و مەلا سەدرا.. بۆیە ئیبن تەیمییە لەسەر حەق بوو کاتێک وتی:

هیچ یەکێک لە بیریارەکانی زانستی کەلام لای نەکردووەتەوە بۆ ڕێگەی لۆجیکییەکان، بەڵکوو ئەشعەرییەکان و موعتەزیلەکان و کەرامییەکان و شیعەکان و هەموو ڕێچکەکانی تریش ڕەخنەیان لێ دەگرت و ڕوونیان دەکردەوە چەن فاسید و لادەرە و خراپە.( ابن تيمیە،١٩٧٨، ٤٥-٦٠).

مەبەست لە زانستی فەیلەسووفەکان و دەهرییەکان (ئاتیست و گوماناوی)ـە لە نەوەی یۆنانییەکان، ئەوان کاتێ گوێیان لە وەحی خودا بوایە، وەلایان ئەنا و سووک سەیری زانستی پێغەمبەرانیان دەکرد بەرانبەر بە زانستی خۆیان، دەگێڕنەوە لە سوکراتەوە کە ئەو بیستویەتی لە بارەی

بانگەوازی پەیامبەر موسا سەڵاتی الله ی لەسەر بێت و پێی وتراوە، ئای خۆزگە دەرۆشتیت بۆلای ئەو پەیامبەرە ئەویش وتویەتی: ئێمە گەڵێکی چاک پەروەردەکراو باشین پێویستمان بەوە نییە یەکێک بێت پەروەردەمان بکات.(Aristotle،350BCE،15-10).

**لقی سێیەم: حەرامی فەلسەفە لە ئیسلامدا**

بە ناو "فەیلەسووفە ئیسلامییەکان" و یان بڵێین بۆچی فەلسەفەی ئیسلامی بوونی نییە، بۆچی ناکرێت بە بیرکردنەوە و بەشداریکردنی ئەو مسوڵمانانە یان ئاییندارانە بوترێت فەلسەفە، بەڵام پێش ئەوە با باسی هۆکارەکانی حەرامبوونی فەلسەفە بکەین و ئەو زانا دیارانە بکەین کە حەرامیان کردووە دووبارە بەشێوەیەکی زۆر کورت و پوخت:

ناوی زاناکان: ابن قتيبة، ابن عقيل، مازري، شافعي، احمد بن حنبل، ابو حنيفة، مالك بن أنس، ابن الأثير، ابن الصلاح، النووي، أبو شامة، ابن تيمية، ابن رجب الحنبلي، ابن القيم...

هۆکارەکانی حەرامبوونی:

یەکەم: چونکە خراپەی هەیە و زانستێکی خراپە.

دووەم: لۆجیکی یۆنانی لەسەر خودا و ئیلاهیات قسە دەکات و ئەمەش گومان درووست دەکات لە بەرانبەر بیروباوەڕە ئیسلامییەکان.

سێیەم: زانستی لۆجیک خورافە و دروستکراوی دەستی یەهودی و مەسیحییەکانە و ئەوان دایان هێناوە.
لێرە پرسیارێک دێتە گۆڕێ کە ئەیچۆنە ئێستە لە هەندێک لە ناوەندە ئایینییەکاندا لۆجیک دەخوێندرێت؟
لە وەڵامدا بەکورتی: ئەوە لە هەندێک ناوەند دایە نەک هەمووی، دووەم لۆجیک بۆ خۆی ناخوێندرێت بەڵکوو بۆ خزمەتی زانستەکانی أصول الفقه و البلاغه و النحو و زانستە ئیسلامییەکانە کە پڕن لە بابەتانەی کە پەیوەستە بە پێناسە و قیاسکردن و قەضایای منطقی کە تووشیان بووەتەوە، و هەموو کەسێکیش مافی نییە بیخوێنێت بەهۆی فەتواکەی "ابن السبكي" کە پێی وایە تەنها ئەبێ کەسێک بیخوێنێت ئایدلۆجیای دین تێیدا تەواو تەواو ڕەنگی داکوتیبێت ئەگینا تووشی لادان ئەبێت، و ئەو لۆجیکەش دەخوێنرێت لۆجیکێکی گۆڕدراوە لۆجیکە یۆنانییەکە نییە فخرالدین الرازی بەشێکی زۆری یاساکانی لۆجیکی دەستکاری کردووە تاکوو لەگەڵ بیروباوەڕە ئیسلامییەکاندا یەک بگرێتەوە. (ابن تیمیە،١٩٧٨، ٤٧)

**لقی چوارەم: ئایا فەلسەفەی ئایین بوونی هەیە؟**

هایدیگەر لە پەڕتووکی – what is the philosophy، ما الفلسفة– لە دوو جۆر بۆ ناسینی چیەتی فەلسەفە دەدوێت، ڕێگەیەکیان ڕێگەی زانستە و لە دەرەوەی فەلسەفە لە

فەلسەفە دەکۆڵێتەوە لە فەلسەفە، ڕێگەیەکیشیان ڕێگەی فەلسەفە خۆیەتی کە بۆ لێکۆڵینەوە لە خۆی دەیگرێتە بەر و فەلسەفەمان وەک ئەوەی کە هەیە پێ نیشان دەدات، (Hidegger،1927،130-114).

تێڕوانینە ئەکادیمی و زانستییەکە بە گووتەی هایدیگەر دەمانخاتە بەردەم بابەتێک "کە فرەلایەنە و لەبەر ئەوەی بابەتێکی فراوانە، بەبێ دیاریکردن ماوەتەوە، لەبەر ئەوەش کە نادیاریکراوە، ئێمە دەتوانین لە کۆمەڵە بۆچوونێکی جیاوازەوە بۆی بچین، بەڵام بەمە بەردەوام شتێکمان لە ڕاستی دەست دەکەوێت، لەبەر ئەوەش هەموو بۆچوونەکان لە گەیشتنیان بەم بابەتە فرەلایەنە شیاون، هەندێکیان تێکەڵ دەبنەوە لەگەڵ هەندێکی تریاندا، بەمەش ئێمە دەکەوینە لێواری کەوتنە ناو مەترسییەکەوە، کە لەگەڵیدا باسەکەمان حوکمە پێویستەکانی لە دەست دەدات". لای هایدیگەر ئەم جۆرە لە لێکۆڵینەوە دەمانگەیەنێ بە دەرکەوتەکانی فەلسەفە نەک چییەتی فەلسەفە، ئەمەش سوڕانەوەیە بە دەوری فەلسەفەدا، بەڵام ڕێگایەکی ترمان هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە فەلسەفە کە ڕێگای فەلسەفە خۆیەتی، ئەم ڕێگایە، ڕێگای لێکۆڵینەوە نییە لە دەرکەوتەکانی فەلسەفە، بەڵکوو ڕێگای لێکۆڵینەوەیە لە چییەتیی فەلسەفە، واتە: لێکۆڵینەوە لەوەی کە لە دەرکەوتەکانی فەلەسەفە خۆی دەخاتە ڕوو، ئەم

ڕێگایە دەمانباتە ناو فەلسەفەوە و لە دەرەوەی فەلسەفە ڕامان ناگرێت.

هایدیگەر لە پەسنی ڕێگای دووەمدا ئەو ڕێگەیەی دەمانباتە ناو فەلسەفە دەڵێت: "کە بچینە ناو فەلسەفەوە و لە ناویدا نیشتەجێ ببین، بەپێی ڕێگاکەی خۆی ڕێگە بگرینەبەر، واتە: فەلسەفەکاری بکەین (بفەلسەفێنین)، بۆ ئەمەش ئەو ڕێگایەی کە باسەکەمان لەسەری دەڕوات، نەک هەر دەبێت ئاڕاستەکەی ڕوون و دیار بێت، بەڵکوو دەبێت ئەو ئاڕاستەیە زامنی ئەوەمان بۆ بکات کە لە ناو فەلسەفەدا دەجووڵێینەوە و لە دەرەوەیدا نین و بە دەوریدا ناسوڕێینەوە. (Hidegger،1927،130-114).

هایدیگەر دەیەوێت پێمان بڵێت ئەوەی کە فەلسەفەیە و سەر بە فەزایەکی فەلسەفەیە کاتێک لێکۆڵەرێک دەتوانێت لێی بدوێت کە لە نێوان ئەو و فەلسەفەدا تەبایی و گونجان هەبێت نەک ناکۆکی، فەلسەفە لەگەڵ ئەغیارەکاندا تێکەڵ نابێت و ناتوانن پەی پێ ببەن، ئەو مرۆڤەی کە دەتوانێت پەی بە فەلسەفە ببەرێت و چییەتییەکەی بزانێت ئەوە نییە خوێندنەوەیەکی مێژووی و زانستی بۆ فەلسەفە و دەرکەوتەکانی دەکات و ئاگاداری قوتابخانە فەلسەفییەکانە و ورد بۆتەوە لە ئاماژەکانی فەلسەفە و کۆنترۆڵی کردووە، چونکە فەلسەفە هاوڕێیەتی لەگەڵدا دەکرێت نەک کۆنترۆڵ.

ئێمە لە جیهانی ئیسلامیدا حاڵەتێکمان هەیە حاڵەتی گونجاندنە لە نێوان دوو دەستی زۆر دژدا، بۆ نموونە: شافعی گونجێنەری نێوان ئەهلی حەدیس "حەنابیلە" و ئەهلی ڕەئی "ئەحناف"ـە لە فیقهی ئیسلامیدا، واتە: لە سەر ئەساسی ئەوە فیقهی شافعی وەستاوە کە مەرایی هەردوو قوتابخانەکە بکات، بە جۆرێک هەم مەزهەبی ئەهلی حەدیس بێت و هەم مەزهەبی ئەهلی ڕەئی بێت.(Hallaq،2005،-43 50)

نموونەیەکی تر: ئەبولحەسەنی ئەشعەری دووای وازهێنانی لە مەزهەبی موعتەزیلەکان و نانی چەند هەنگاوێک بەرەو مەزهەبی ئەهلی حەدیس "سەلەفییەکان" مەزهەبێکی دامەزراند کە پاڵدرایە پاڵ خۆی لە دواتردا بە ناوی مەزهەبی ئەشعەری، لێرەدا ئەبولحەسەن مەزهەبەکەی لەسەر ئیسباتی سیفات و نەفیکردنیشی پێکەوە ڕاوەستاوە وەک درووستکردنی بەرزەخێک لە نێوان "موعتەزیلەکان" و "سەلەفییەکان" بەوەی ئیسباتی کۆمەڵێک سیفات دەکات و سیفاتەکانی تر تەئویل دەکاتە ژێر ئەمان، بەهەمان شێوە بۆ بابەتەکانی ئیمان و قەدەر و گشت بابەتەکانی تریش. جا بۆ فەلسەفەیش هەمان حاڵەت لە نێو جیهانی ئیسلامی ڕووی داوە، بەشداریکردنی مسوڵمانەکان لە فەلسەفەدا ، هەر لە دەیەی دووەمی ئیسلامییەوە دەست پێ دەکات، هەتاوەکوو مامۆستاکەی غەززالی ئەبولمەعالی بەشێک لە لۆجیک

تێکەڵ بە زانستی أصول الفقه دەکات، (اشعری،١٩٩٧، ٣٢-٥٠-٥٦)

بەڵام لەگەڵ هاتنی غەززالی خوێندکار و درووستکردنی پاڵە پەستۆیەک بۆ فەلسەفە ئەم کەشە تەواو دەگۆڕدرێت و تەنها سوودوەرگرتن لە لۆجیک کە بەشێکی فەلسەفەیە دەمێنێتەوە ئەویش وەک خزمەتکارێک بە نووسینی پەرتووکی "تهافت الفلاسفة "گورزێکی تەواو لە فەلسەفە دەدات، ئیبن ڕوشد وەک شافعییەک بۆ فەلسەفە وەک ئەبولحەسەنێک بۆ فەلسەفە دەرئەکەوێت و ئەیەوێت پەیوەندییەکە درووست بکاتەوە و ئەو گرژییە کاڵ بکاتەوە، لێرەدا درووستکردنی کەشێکی شکاو و تێکەڵ بریتیی نییە لە گەڕانەوە بۆ فەلسەفە، بەڵکوو هەوڵدانە بۆ پاراستنی عەقڵانییەت لە ئایین چونکە ئیبن ڕوشد و ئیبن ڕوشدییەکان باش دەیانزانی ئەگەر ئەو عەقڵانییەتە نەبێت چ هەمەجێک تووشیان دەبێت، هەر ئەو هەمەجەش بوو ئیبن ڕوشدی ناردە مەنفا و هەر لە ئاوەریدا مرد.(نصیری،٢٠٠٦، ٧٦)

# پاژی دووەم
# سەرهەڵدانی بیری (عەقڵانییەت) و ڕەخنەی غەزالی لە عەقڵ

## باسی یەکەم: ڕەوتی ئەقڵانییەت (ڕاشنالیزم)

هیگڵ دەڵێت: "عەقڵ ئەو جۆرە دەسەڵاتە یان "ڕۆح"ەیە کە کۆشش دەکات بۆ مانیفێستکردنی خۆی لە جیهاندا"(Hegel،1807،65-45) کاتێک هیگڵ دەڵێت عەقڵ ئەو جۆرە دەسەڵاتە یان "ڕۆح"ەیە کە هەوڵ دەدات خۆی لە جیهاندا دەربخات، مەبەستی ئەوەیە کە عەقڵ تەنها ئەوە نییە کە مرۆڤەکان چۆن بیر دەکەنەوە، بەڵکوو بنەمای ناوەوەی واقیعی خۆیەتی، هێزی بزوێنەری پشت مێژوو و گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە.
سەرەتا عەقڵ لە جیهاندا شاراوەتەوە، ناڕاستەوخۆیە، بەڵام لە ڕێگەی کردار و ململانێ و پێشکەوتنی مرۆڤەوە، وردە وردە خۆی ئاشکرا دەکات.
لە پاش ڕێنیسانس، بە قورسی و چڕتر لە ڕۆشنگەرییەوە، زیاد لەو تواناو لێهاتووییەی کە هەیەتی، (عەقڵ) بوو بە سەنتەر، بە بوونیاد و ماکینەی درووستکردنی مانا. بێ هیچ بەربەستیەکی دەرەکی. ئەوەی هێز و ڕەوایەتی و مافی بەستنەوە وەستاندنی ئەکتە عەقڵییەکانی هەبوو تەنها (

خودی عەقڵ) بوو، ململانێیەکی خوێناوی کە لە نێوان موئەسەساتی ئایین و عەقڵدا هەبوو ،(Brock،1992،22)

لەو ساتەوەی کە (فۆرمێک لە ئەقڵ و ئەقڵگەرایی ) بوو بە سەنتەرو پێوەر، وردتر ببینەوە، بوو بە (خودایەک)، کە کۆی پرۆسەی مانا درووستکردن و مانادان و و مانا بەرهەمهێنان بوو بە کاری ئەقڵ..
سەرەتا ئەقڵ بە گومانی و گومانی میتۆدۆلۆژی دیکارت دەستی پێ کرد، (Decartes،1641،37)
سپینۆزا دراوە ئاییننییەکانی لە ناو (سیستەمی ئەقڵگەرایدا تاقی دەکردەوەو، (Spinoza،1677،71-64)
تا ترۆپکی کبریا و غروری ئەم ئەقڵگەراییە لە فەیلەسوفی ئەڵمانی (کانتدا) مانیفست بوو. تەنانەت ئومێد و هیوای ئەقڵانی کانتیانە پرسێکی (ئەخلاقی گەورەی وەک (نییەت پاکی ) کرد بە دراوێک یا فاکیوڵتێیەکی ئەقڵی...بەم پرۆسەیە بێ هیچ بەربەستێک ئینسان (کە ئامانجە ) گەورەکە بوو، بوو بە سێنتەر (Kant،1781 ، 27)
لە بری دوالیزمە مۆراڵییە ئایینیەکانی وەک (حەرام و حەڵاڵ، باش و خراپ...) دوالیزمی ئەخلاقی ئەقڵانییانەی هێنایە بوون... (ئەقڵی/نائەقڵی. زانستی/ نازانستی. ئینسانی / نائینسانی. مەدەنی/ بەربەری. زانستی، ئەفسانەیی...) ئەقڵ و ئەقڵگەرایی زۆر زیرەکانە لە بری ڕەهەندە (ئۆنتۆلۆی،

تیۆلۆژی، میتافیزیککیەکان...) ڕێک جێگۆرکێیەکی بە مەبەستی لە (ئەکتەرو بکەرەکاندا کرد...) لە بری خودا، ئینسانی دانا... لە بری ڕەهەندا موتەعالییەکان ، ڕەهەندی ئاسۆیی لە چەشنی (زمان و مێژوو و پرۆتۆکۆل و ...) بوون بە جێگرەوە ...(پێداویستییە ڕۆحی و خەیاڵییەکانی ئینسان لە (ئەدەب و هونەر... زۆر لەوە لاوازتربوون بەریەکبکەون و بەرهەڵستکاری ئەقڵ بن... پراگماتیزم و پۆزەتیڤزم، ئاینی زەمینی ئینسانن... هەربەم ئاراستەیە (ئەم فۆرمە لە ئەقڵانییەت) بە ئامانجی خزمەت بە ئینسان، نیهلیزمێکی گەورەیەی بۆ ئینسانیەت خولقاند... کۆتایی بە ئینسان هێناو ئاوابوونی ئینسانی ڕاگەیاند.(هادیان،٢٠٠٨، ٤٤)

هەروەها "لای لایبنتز عەقڵ دەروازەی سەرەکی ئیمانە". (Leibniz،1714،11)

گۆتفرید ویلهێلم لایبنتز (١٦٤٦-١٧١٦) لە ڕاستیدا دەیگوت کە عەقڵ دژایەتی ئیمان نییە، بەڵکوو ڕێگایەکە بۆ ئەو باوەڕە. ئەو پێی وابوو کە ڕاستییەکانی ئیمان و ڕاستییەکانی عەقڵ لە کۆتاییدا ناتوانن دژایەتی یەکتر بکەن چونکە هەردووکیان لە خوداوە هاتوون.Goethe، 1089،54

لایبنیز لە بەرهەمەکانی وەک مۆنادۆلۆجی و تیۆدیسیدا جەختی لەوە کردووەتەوە کە؛

- عەقڵی مرۆڤ دەتوانێت لە هەندێک ڕاستی پێویست (لۆژیک، بیرکاری، میتافیزیک) بگرێت.
- ئیمان مامەڵە لەگەڵ ڕاستییە دەرکەوتووەکان دەکات (وەک ئافراندن، دادپەروەری خودایی). . (Leibniz،1714،11).

- بۆ ئەو عەقڵ ڕۆح بەرەو ناسینی عەقڵانییەتی بوونی خودا دەبات، بەم شێوەیە دەرگای ئیمان دەکاتەوە.

گیۆرگ هامان (١٧٣٠-١٧٨٨) ڕەخنەی لە فەلسەفەی کانت و ئەقڵگەراییی سەردەمەکەی خۆی گرت، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هزری کیرکەگۆر جێ هێشت. هامان'یش وەکوو کیرکەگۆر کەوتە ململانێوە لەگەڵ مەسیحیەتدا و هەروەها لەگەڵ کێشەی ئیماندا لە چاخی ئەقڵدا.

لەلای کیرکەگۆریش کە لە باسکردنی ترسدا بابەکە دەبەستێتەوە بە عەقڵ و ئیمان بە بۆچوونی کیرکەگۆر تاقە ڕێی خۆپارستن لە "ترس" بزاوتێکی نائەقڵانییە بەرەو ئیمان.(Haman،1784،33)

بزاقی ڕاشنالیزم Rationalism، لە زمانی عەرەبی و فارسییدا بە (عقلانی و عقلانیت و العقلانیة) ناسراوە. و

دەکرێ لە کوردیدا بە ژیرپەسەندی، ژیرباوەڕی بۆ بەکار بهێنین.
ئایا باوەڕهێنان بە ژیری، جیاوازی چییە لە باوەڕهێنان بە ئەفسانە و ئایین.(حلیمی، ٢٠٠١، ٢٩-٤١)

لە مێژووی فەلسەفەدا عەقڵ پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە، وەک لە فەرهەنگەکانی فەلسەفەدا بۆمان دەردەکەوێت. لە یۆنانی کۆندا بە ( dianioa). یان ( logos) و (nous) ناو براوە. لە زمانی لاتینییدا بووەتە (intellectus،intelligentia ) یان (ratio) و لە ئەڵمانیدا کراوەتە ( vernuft) و لە ئینگلیزییدا بۆتە (reason)، لە فەرەنسییشدا بۆتە ( raison، intelligence،intellect) .
بە شێوەیەکی گشتی لە فەلسەفەی کۆن و نوێی خۆرئاواییدا، بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بە چەندین مانای جیاواز هاتووە، کە تەنها ئاماژە بە چوار جۆری باو دەکەین، دەبێ دان بەوەشدا بنرێت کە ئەم مانایانە پەڕیونەتە ناو هزری فەیلەسووفە ئیسلامییەکانی وەک فارابی و کندی، ئیبن ڕوشد و کەسانی تریش. (Decartes،1641،22،30)

١- ئەقڵی گەردوونی یان (مێتافیزیکی):
بریتییە لەو پرەنسیپ و بنەڕەتە گەردوونییەی کە واقعییەت دەبەخشێتە گەردوون، یان مانا بە جیهان دەبەخشێ، و

بونیادی ئاسایش و ڕێکخستنی بۆ دەستەبەر دەکات. بەپێی ئەم تێگەیشتنە لە ئەقڵ، گەردوون بەپێی پرانسیپ و مەبدەئێکی بابەتییانە کە لۆگۆسە ( Logos) بەڕێوە دەچێت و لەبەر ئەوەش کە هەمان پرەنسیپ لە مرۆڤیشدا هەیە، ئەوە مرۆڤ دەتوانێ بگات بە ئاستێک لە تێگەیشتنی مەعریفی لەسەر جیهان. (Decartes،1641،27،30)

٢- ئەقڵی تیۆری:

بەشێوەیەکی گشتی و لە ڕەوتی مێژووی هزری ئەوروپیدا، عەقڵی تیۆری بە توانایەکی زانیارەکی لەلای مرۆڤ دەدرێتە قەڵەم، کە بنەمای پێشینی و زگماکەکانی مەعریفەی تێدایە. واتا توانایەک کە شوناس دەکات و مەعریفە لەسەر جیهان زەخیرە دەکات و و زانیاریی مرۆڤ بە ژیان زیاد دەکات.
بە مانایەکی تر عەقڵی تیۆری، عەقڵێکی خۆبین و ڕیفلێکسیڤە، کە توانای هەیە خۆی لەو هەڵە و کەموکوڕییانە بپارێزێت کە تێیان کەوتووە، یان لەوانەیە تێیان بکەوێت. (Decartes،1641،33،35)

٣- عەقڵی پراکتیکی:

بەو توانایە دەگوترێ کە لەلایەن مرۆڤەوە بەکاردەهێنرێ، بۆ ڕابەرایەتیکردن و بڕیاردان لەسەر ئیرادە. بۆیە ئەرکی عەقڵی پراکتیکی ئەوەیە بە دوای (ڕێکخستنێکی ژیانی

پراکتیکییانەی مرۆڤ عەودالْ بێت و ئەو یاسا ئەخلاقییە گشتییانە دابڕێژێ کە بۆ ژیانی ڕۆژانە پێویستیمان پێیانە. (30،22،1641،Decartes)

٤- عەقڵی ئامرازگەرا:

ئەم چەمکە لەلایەن ئەندامانی قووتابخانەی فرانکفۆرتەوە داهێنراوە، و هەریەک لە (هۆرکهایمەر و ئادۆرنۆ) بەکاریان هێناوە، دواتر (هابرماس) پەرەی پێداوە. بە شێوەیەکی گشتی عەقڵی ئامرازگەرا ئەو عەقڵەیە کە بەبێ هیچ مەرجێک جیهان لەبەردەم داگیرکاری و دەستبەسەرداگرتنی تەکنەلۆژییدا وەک بابەتێک دەبینێت. (30،22،1641،Decartes)

**باسی دووەم: ئاراستە و دۆکترینی عەقڵانییەت:-**

بزاڤی عەقڵگەرایی ڕێچکەیەکی مێژوویی فەلسەفییە، بنەما و پرەنسیپی تایبەت بە خۆی هەیە، لە فەلسەفەدا عەقڵانییەت بەو نەریتەی مەعریفەی تیۆری دەگوترێ کە بە پێچەوانەی ئەزموونگەراکان بڕوای وایە "پەسەندترین سەرچاوە و هەڵسەنگێنەری ناسین و مەعریفە، ژیر و عەقڵە"(5،1677،spinoza)

هەروەها بەپێی ئەم ئاراستەیەوە شیاوە تەنها بەهۆی بەکارهێنانی عەقڵەوە دادوەری لەبارەی واقیعەوە بکرێت.عەقڵانییەت بریتییە لە "لەو جۆرە تێگەییشتنەی کە داوا دەکات ڕێچکە ئاینییەکان بە شێوەیەکی ژیرانە و عەقڵانی بسەلمێندرێن؛ و لێرەشەوە بەرپەچی هەر باوەڕێک دەداتەوە کە لە دەرەوەی توانای تێگەیشتنی مرۆڤدا بێت".

خەسڵەتی هەرە سەرەکیی ژیرباوەڕەکان ئەوەیە، لە بەدەستهێنانی زانست و مەعریفەدا ڕۆڵی سەرەکی دەداتە عەقڵ و دەیکەن بە پێوەر بۆ گەیشتن بەڕاستی نەک هەستەکان و ئەزموونکردن. ڕیشەی سەرەکیی عەقڵانییەت دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانی کۆن و دەکرێت وەک کانت وتوویەتی (ئەفلاتوون)ی مەزنە فەیلەسووف بە سەرکردەی ژیرباوەڕان دابنرێت.(سلطانی١٩٨٣، ٨٥٤).

ئەفلاتوون لە کتێبی کۆماردا، کاتێ پێکهاتەی ڕۆحی مرۆڤ بەسەر سێ بەشدا دابەش دەکات، عەقڵ دەکاتە پێوەری سەرەکی و کۆنترۆڵکەری ڕەهەندی مەیل و ڕەهەندی تووڕەیی، بەلای ئەفلاتوونەوە، "ئەقڵ وەک ئامرازێک وایە کە بەهۆیەوە مرۆڤ دەگاتە مەعریفەی ڕاستەقینە واتە چییەتیی شتەکان." (مازندرانی،١٩٩٧،٥٨٦).

بناغە فیکرییەکانی بیری عەقڵانی لە جیهانی ئیسلامیدا دەگەڕێنەوە بۆ نەریتە فەلسەفییەکان کە پێش ئیسلام

هەبوون، بەتایبەتی قوتابخانەی بیرکردنەوەی یۆنانی و هێلینیستی.(دینانی، ٢٠١٠، ٥٨)
کاتێک ئیسلام لە سەدەی حەوتەمی زاییندا سەریهەڵدا، ئیلهامی لە فەلسەفەی یۆنانی کۆن وەرگرت، کە لە ڕێگەی چەندین سەدەی چالاکیی زانستییەوە لە شانشینی هێلینیستی و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتین گواسترابووەوە.
بەرهەمە فەلسەفییەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ بەردی بناغەی ئەم میراتە فیکرییەیان پێک هێنا. تیۆریی فۆرمەکانی ئەفلاتون و جەختکردنەوە لەسەر نەمریی ڕۆح ئیلهامبەخش بوو بۆ مشتومڕە میتافیزیکییەکان لە فەلسەفەی ئیسلامی دواتردا. ئۆرگانۆنی ئەرستۆ بەهەمان شێوە.(قاضی،١٩٩٨، ١٣)

جگە لە فەیلەسووفە کلاسیکییە یۆنانییەکان، سەردەمی هێلینیستی (٣٢٣-٣١ پێش زایین) لەوانەش ستۆیکیزم، ئیپیکوریزم و نیوپلاتۆنیزم، بەشداری کرد لە تێکەڵکێشکردنی نەریتە فەلسەفییەکان، ئەخلاقی ستۆیکی بە جەختکردنەوە لەسەر خۆکۆنترۆڵکردنی عەقڵانی و هاوئاهەنگی لەگەڵ نەزمێکی گەردوونیدا، کاری کردە سەر فەلسەفەی ئەخلاقی ئیسلامی. بە هەمان شێوە نیوپلاتۆنیزم، بە تایبەتی لە ڕێگەی بەرهەمەکانی پلۆتینۆس و پرۆکلۆسەوە، چوارچێوەیەکی میتافیزیکی هێنا ئاراوە کە

بیرۆکەکانی ئەفلاتونی لەگەڵ ڕوانگەیەکی پلەبەندی بۆ گەردوون تێکەڵ کرد لە سەرچاوەیەکی تاک و نەگێڕانەوە بنەچەی گرتبوو چەمکێک کە بیرمەندانی ئیسلامی دواتر سوودیان لێ بینی و تێکەڵیان کرد بە تێگەیشتنیان لە خودا و ئافراندن.(Russell،1945،65)

بەرهەمە فەلسەفییە یۆنانییەکان پارێزگارییان لێ کرا، لەلایەن زانایانی مەسیحی لە جیهانی ڕۆژهەڵاتدا پاشان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی سریانی و لە ناوەندەکانی وەک بەیت ئەلحیکمە (ماڵی حیکمەت)ی بەغدادا بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراون. هزری هێلینیستی سەرچاوەیەکی سەرەکی لۆژیک و میتافیزیک و ئەخلاقی بیری ئیسلامی پێک دەهێنا.(Kennedy،2004،87)

## باسی سێیەم : لە گومانەوە بۆ سۆفیزم، ڕەخنەی غەزالی لە عەقڵ

غەزالی وەکوو سۆفیگەرێک سەر بە ڕێبازی ئەشعەرییەکان بوو، پێی وابوو کە شەرع دەکەوێتە پێش ئەقڵ، لێرەدا غەزالی ڕەخنە لە زانستە ئەقڵییەکان دەگرێت، ئەبو حامید ئەلغەزالی (1058-1111) سەر بە وتووێژخوازترین هزرڤانانە لە مێژووی فەلسەفەی ئیسلامیدا، تەنانەت

هەندێکی دارِشتنەکان نایخەنە ڕیزی فەیلەسووفەکانەوە. هۆی ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووە جیاوازەکانی بەرهەمەکەی: ئەو وەک ڕەخنەگرێکی تیژی فەلسەفە، بەتایبەتی فەلسەفەی فارابی و ئیبن سینا، دێتە نێوانەوە، ئەو لەپاڵ ڕەخنەی فەلسەفەدا هەروەها چینی زانایانی ئایین و عولەماکانی، ڕەت کردەوە و ملکەچیی ئەوانی بەرانبەر دەسەڵاتداران، هەروەها دەردی تەرقیەخوازی و ژیانی گومانلوییانی لە ڕووی مۆرالییە خستە ژێر ڕەخنەیەکی تیژەوە. کەواتە ئەو هزرڤانێک بوو کە بەزەحمەت لەتەک نموزەجێکی یەکانەیی ڕاڤەکردندا دەگونجێت. غەزالی ساڵی 1058 لە توس کە دەکەوتە خۆراسانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی فارسەوە، هاتە جیهانەوە. ئەو لە نیشاپور لای ئەلجووەینی (1085 مردووە).(نصیری،٢٠٠٦، ٢٣) کە تیۆلۆگێکی بەناوبانگی سەر بە ڕێبازی ئەشعەری بوو، چووە بەر خوێندن، ئەوجا لە بەغداد کورسییەکی بەواتای بۆ شەریعەی ئیسلامی وەرگرت. خەریکبوونی چڕی ئەو بە فەلسەفەوە، بەتایبەتی بە فەلسەفەی ئیبن سیناوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ماوەیەی کاری وانەبێژییەکەی. غەزالی لە دژی ئیبن سینا یەکێک لە نووسینە سەرەکییەکانی خۆی نووسی، بە ناونیشانی "تەهافوت ئەلفەلاسیفە" (Distructio philosophorum). (غزالی،٢٠٠٢، ١٢٠-١٤٥)

وەلێ تەنگژەیەکی قووڵ کە نەمانی زەمینە و ئاڕاستە بوو، ناچاری کرد واز لە پۆستی وانەبێژییەکەی بهێنێت. ئەو پشتی کردە نزیککەوتنەوەی تەنیا عەقیدەگەرا (دۆکترینێر) و ڕاسیۆنال لە ئایین وەرچەرخا ڕووە و میستیک. ئێمە دەتوانین لە سەرجەم هزری غەزالی پەرچەکردارێک لەسەر تەنگژەی هۆشەکییانەی سەردەمەکەی تێبگەین، تەنگژەیەک کە لە لایەک فەلسەفە خستبوویەوە، لە لایەکی دی ڕیشەی لەنێو ئاژاوەی قووڵی نێو تیۆلۆگیی ئیسلامیدا داکوتی بوو، کە ئیدی لە سەرئەنجامدا نەک تەنیا بەسەر تەئویلی سوننی و شیعییانەدا، بەڵکوو لەنێو ئەم ئاینزایانەشدا بەسەر سێکت و مەدرەسەی لەژمارەنەهاتوودا دابەشە. لە فەلسەفەدا بەتایبەتی ئیبن سینا بە هێزی بڕواپێهێنەری فەلسەفەیی و ئایینی-میستیکییانەی خۆدەربڕینییەوە تیۆلۆگە ئیسلامییەکانی ناجەخت کردبوو. وەڵامی ئەوە تا کاتی غەزالی کەم یان زۆر نزیککەوتنەوەی تیۆلۆگەکان بوو لە فەلسەفە، یان بە پێچەوانەوە بەرهەڵستیکردنی فەلسەفە بوو بە شێوەی ناوردبین یاخود تەنانەت تووڕە.(Fakhri،2004)

غەزالی کۆبەرهەمێکی فراوانی نووسینی بەجێهێشت. لە کارە تیۆلۆگییە سەرەکییەکەیدا بە ناونیشانی "احیاء علوم الدین" (ژیاندنەوەی زانستە ئایینییەکان) کە لە ساڵانی

گەڕانەکانیدا سەریهەڵدا، هەوڵ دەدات پێشبینییە ترادیسیۆنییە ئاینییەکانی ئیمان بە مەشقەکانی سۆفیزمەوە، هەروەها ئێتیکی ئیسلامی بە ئێتیکی ئەڕیستۆتێلی و ئەمیش بە فەزیلەکانی سۆفییەوە گرێبدات. ڕەخنەی ئەو لە فەلسەفە لە "تەهافوت"دا بەتایبەتی لە فارابی و ئیبن سیناوە دەست پێ دەکات کە بەواتاترین نوێنەری فەلسەفەیەکی ئەڕیستۆتێلی-نوێپلاتۆنی بوون. غەزالی بە خۆیدا ڕادەپەڕموێت کە بەرپەرچی بیست تیۆریی فەلسەفەی بداتەوە، لێرەشدا حەقدە دانەیان بە لادان لە ئیمانی ڕاستینە دادەنێت، وەلێ گەرچی بە ئیسلام ناگونجێن.(نصیری،٢٠٠٦، ٨٠-٨٨)

غەزالی بە پێچەوانەوە سێ تیۆری وەک بێئیمانی دەبینێت، بەمەش هەرسێکیان زەندەقە و داگەڕانن لە ئیسلام: یەکەمیان تێڕوانینی جیهانە وەک ئەزەلی، دووەمیان وادانانەکیی فەیلەسووفەکانە سەبارەت بە ناسینی شتە تاکەکان لە لایەن خوداوە نەک وەک شتی تاک، بەڵکوو تەنیا پەیوەند بە ڕێکخراوی گەردوونییەوە، کەواتە تەنیا وەک کەرتی زەروریی ئەو ڕێکخراوەی جیهان کە خۆی دروستی کردووە؛ سێیەمیان تێزی نەمریی دەروونە کە نکۆڵی لە ژیانەوەی (قیامەتی) لەش دەکات. (غزالی، ٢٠٠٥، ١٦٧-١٩٩)

غەزالی سەرئەنجامەکە لە نووسینێکی بچووکتریدا بە ناونیشانی "ڕزگارکەر لە تاریکی" (المنقذ من الضلال) پوخت دەکاتەوە. زۆر جار بەهەڵە وا دادەنرێت گۆیا ئەم نووسینە "ئۆتۆبیۆگرافی"یە، چونکە غەزالی تێیدا دوائەنجامی هزرینی خۆی گرێدەدات بەو موئایەشە جیاوازانەوە کە لە ڕەوتی پێگەیشتنی کەسەکییانەی خۆیدا کردبوونی. ئەو حوکمی توند بەسەر فەیلەسووفانی عەرەبی-ئیسلامیدا دەدات: گەر پێشتر تەنانەت سۆکرات، پلاتۆن و ئەڕیستۆتێلیس بەقووڵی "گیرۆدەی نارێکوپێکییەکانی بێباوەڕی و گومڕایی" بووبێتن، ئەوا دەبێت "خۆیان و لایەنگرانیان، لە نێویشیاندا فەیلەسووفانی ئیسلامی وەک ئیبن سینا و فارابی و دیکەش، بە بێباوەڕ" دابنرێن. ئەوجا غەزالی ئەوەشی دەداتە پاڵ کە: "هیچ کەس لەنێو فەیلەسووفانی ئیسلامیدا هاوشێوەی ئەم پیاوانە تێڕوانینەکانی ئەڕیستۆتێلیسی نەگەیاندووە" (al-Ghazali 1988، 18 ).

غەزالی سەرەتا زانستی "فەلسەفە" بەسەر شەش لکی جیاوازدا دابەش دەکات: ماتماتیک، لۆگیک، زانستی سروشتی، میتافیزیک، پۆلیتیک و ئێتیک، وەلێ تەواو جودا لە یەک دەیاننرخێنێت. ئەو لەبارەی ماتماتیک دەبێژێت: "کێ لەم زانستە بڕوانێت، هۆشسام دەبێت بە دروستێتی و بێهاوتایی سەلماندنەکانی"، بۆیە عولەماکانی ئایین "تاوانێکی

گەورە ئەنجام دەدەن گەر باوەڕ بکەن کە دەشێت ئیسلام بە ڕەتکردنەوەی ئەم زانستە بە سەرفرازی بگەیەنرێت" ( 67،2004،Fakhry).

ئەمە هەروەها لۆگیک دەگرێتەوە کە وەک ئامراز سەرەتا بێلایەنە، تەنانەت بۆ تیۆلۆگەکانیش بەشە زانستێکی گرنگی یاریدەدەرە، وەلێ گەر ناوردبینانە بەسەر ئاییندا بەکار ببرێت، ئیدی دەبێت بە ئامرازی تەحریفکردنی ڕاستییە ئایینییەکان. هەروەها زانستە سروشتییەکانیش بۆ غەزالی دوو لایەنیان هەیە: ئەوە ئەرکی ئەقیدەگەری نییە بەرهەمەکانیان ڕەت بکاتەوە گەر هاتوو نەبن بەهۆی گومڕایی، بۆ نموونە نکۆڵیکردن لە گۆتەکانی قورئان. غەزالی وەک سەرئەنجامی ئەوە تەنانەت داوا لە زانایانی ئاین دەکات کە مێتۆدە لۆگیکییەکانی فەیلەسوفانی دژیاری خۆیان قبووڵ بکەن. ئەو خۆی دوو لێکۆڵینەوەی لەبارەی لۆگیک نووسی تاکو بەو ڕێیەوە لۆگیک بۆ تیۆلۆگی و شەریعەت سوودمەند بکرێت. وەلێ غەزالی سەرئەنجامەکە پەیوەند بە مێتافیزیکەوە تەواو جیاواز دەردەکێشێت: مێتافیزیک گەواهی دەدات بۆ "بەسەهووچوونەکان"ی فەیلەسوفان و غەزالی هەوڵ دەدات بەرپەرچی هەریەکەیان بداتەوە، لێرەشدا ڕەخنەی ئەو لە لۆگیک کارایی خۆی وەردەگرێت. ئەمە دروست بە گرنگترین بەشی فەلسەفەیی لە هزری غەزالیدا دانراوە.

غەزالی بنەڕەتییانە گومان لە مافی ئاوەز دەکات کە بۆی هەبێت پرنسیپەکانی خۆی بەسەر ئاییندا بەکاربەرێت. ئەو لێرەدا بەئاشکرا ئەرگومێنت لە دژی پرەنسیپی هۆ دەهێنێتەوە، لێرەشدا نکۆڵیکردنی فەیلەسوفەکان لە پەرجوو وەک دەرچە دادەنێت. ئەمان بەو ئەرگومێنتە نکۆڵییان لە پەرجوو کردبوو کە دژ بە تیۆریی هۆئەنجامییە سروشتییەکانە و ئێمەش دەبێت ئەمپیریانە ( تەجریبییانە) لەم تیۆرییە تێبگەین، جگە لەوە وەک پرەنسیپی ڕێکخراوی جیهان تیۆرییەکی زەرووریە، ئاخر تەنیا گەر پەیوەندیی هۆئەنجامی گریمانە بکرێت، ئیدی ڕێکخراوێکی ناسراو بەگشتی دەشێت و ڕیکخراوەکەش دەمانگەیەنێت بە خودا وەک یەکەمین هۆی زەرووری.(Averros، 2001، 68-50)

فەیلەسوفەکان نکۆڵییان لە پەرجوو کردبوو و غەزالی بەرپەرچی دانەوە، نوێیەتیی بەرپەرچدانەوەکەش لە جۆری ئەرگومێنتهێنانەوەی ئەودا بوو. (حکیمی، ٢٠٠١،١٢٣)
واتای ئەم ئەرگومێنتهێنانەوەیە لەوەدا نییە هەروەک ئێمە گەڕانەوەیەکی سەرلەنوێمان ڕووەو خودا هەبێت، یان واتاکەی لە هەوڵدانێکی لاوازدا بێت بۆ ڕزگارکردنی بڕوابوون بە پەرجوو، بەڵکو واتاکەی لەو هەقیقەتەدایە کە ئێستا هێزە ئەمپیرییەکەی سەلماندنی پەیوەندیی بەهۆوەیی (پرۆپتەر-هۆک) بەرپەرچ دەدرێتەوە. ئەم شێوازە هزرینەی

غەزالی بێئاکام بوو، وەلێ ئەرگومێنتهێنانەوەکە درەنگتر لە فەلسەفەی ئەوروپیی نوێسەردەمدا، وەک ئاشکراشە لای دەیڤید هیوم، سەرلەنوێ سەرهەڵدەداتەوە. لێرەدا دەشێت زۆر سەرنجڕاکێشانە وەرچەرخانێک ڕوون بکرێتەوە: لە نێوان پارادیگمای ئۆنتۆلۆژییانە – کە غەزالی پێوەی پابەند بوو – و پارادیگمای مێنتالیستیی نوێسەردەم – کە هیوم پەیڕەویی دەکرد. ڕەخنەی غەزالی لە بەڵگەهێنانەوەی ئەمپیریانە (تەجریبییانە) بۆ پەیوەندییە زەروورییە هۆئەنجامییەکان هەر ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ئاماژە بۆ خودا بدات، خودا سەرلەنوێ وەک ناوکی ئۆنتۆلۆژییانەی هەر ڕوداوێک؛ بە پێچەوانەشەوە لەبەر ئەوەی نەشیاوە ئەمپیریانە پەیوەندیی هۆئەنجامی وەک جەختییەکی ئۆنتۆلۆژییانە بسەلمێنرێت، ئەوا هیوم دەرئەنجامێنێت کە سازاندنی ڕێژە هۆ-ئەنجامییەکان تەنیا لە خووی هزرینی مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێت، ئەوەش بەڕێی ئەزموونەوە. کەواتە کاتێک غەزالی پەیوەندیی هۆئەنجامیی وەک کەرتی ڕێکخراوێکی جیهان بەرپەرچدایەوە، ڕێکخراوێک کە ئەو ئۆنتۆلۆژییانە لێی تێدەگەیشت و پەیوەندییە هۆئەنجامییەکە بە ئاماژەدان بۆ ڕێکخراوێکی هەروەها ئۆنتۆلۆژییانەی خودایی ڕزگاردەکات، ئەوا هیوم ڕێگەیەکی ئەوتۆ دەگرێتە بەر کە تەنیا بۆ ئاوەز کراوەیە: هیوم لە پەیوەندیی هۆئەنجامی تێناگات وەک پرنسیپێکی ڕێکخستن کە لەنێو

سروشتدایە (کەواتە ئۆنتۆلۆژییانەیە)، بە پێچەوانەوە وەک پرنسیپی ئاگایی مرۆڤ دەیبینێت، واتا وەک پەرچەکرداری ئاگایی لەسەر ئەو ئەزموونانە کە مرۆڤ کردوونی. بێگومان هیوم ناتوانێت بەوە ڕوونی بکاتەوە کە داخۆ چۆن ئەزموونکردنی شتێک بەگشتی بشێت. (Nasir،1964)
کانت ئەم هەنگاوە دەنێت، Kant،1781
کە دوای ئەوەی هیوم لە "سەرخەوی دۆگمایی" بێداری دەکاتەوە، ئیدی پەیوەندیی هۆئەنجامی تەنیا بە کاتێگۆرییەکی زەین دادەنێت، زەینیش بەگوێرەی ئەمە "یاساکانی خۆی بەسەر سروشتدا دەسەپێنێت" نەک بییەوێت لە ئەزموونەوە دەریان بئەنجامێنێت. Hume،1746،85
ئەرگومێنتەکانی غەزالی لەدژی تێگەی پەیوەندیی هۆئەنجامی لای فەیلەسوفەکان پێشانی دەدەن کە چەند زۆر دێباتی سکۆلایستییانەی نێو سیستەمەکانی ئیمان لە چەرخی ناڤیندا بەرەو پێش هەنگاوی نا تا ئیدی بە هزری مۆدێرنە دەگات. هاوکات لێرەدا ئەوەش خویا دەبێت کە تا چەند تیژترین ڕەخنەی هزری بێئاکام دەمێنێتەوە گەر تەنیا بچێتە خزمەتی بەرگریکردنی دۆگماییەوە لە سەرەکێتیی ئایین (هاشمی،٢٠٠٦، ٣٤)
ڕەخنەی غەزالی لە فەیلەسووفەکان تێکرا دوو سەرئەنجامی هەبوو. گومانی تێدا نییە کە ئەو ڕەخنەیە ڕۆڵێک بۆ

سەرهەڵدانی کەشێکی گۆڕڕاو بەرانبەر فەلسەفە دەگێڕێت. ئەمڕۆ فەیلەسوفانی عەرەبی-ئیسلامیی هاوچەرخ ئەو تانوتە لە غەزالی دەدەن. پۆلێمیکی ئەو لەدژی فەلسەفە ڕاستەوخۆ خودی فەیلەسوفەکانی هەنگێوت کە ئێستا لەنێو ژینگەیەکی سەرجەمییانە گۆڕڕاوی جڤاکیدا بەردرابوونە بەردەم نالێبوردەیی و دوژمنکاریی پەرەسەندوو. لە کۆتاییشدا غەزالی نەک تەنیا پۆلێمیکی لە دژی "بەسەهووچوونەکان" نواند، (اکوینس،٢٠٠٢، ٥٤)

بەڵکوو هەروەها ڕاستەوخۆ سەرزەنشتێکی پێوەلکاند: ئەم بەسەهووچوونانە هەڵگەڕانەوەن لە ئیمان، هەڵگەڕانەوەی ئەوهاش دەشیا لە هەڤرایەڵی جڤاکییانەی سەردەمەکەی ئەودا کوشندە بێت. وەلێ غەزالی بە شێوازی ئەرگومێنتیانە هەوڵی دا فەلسەفە لەکار بخات، لێرەشدا پەیڕەویی مێتۆدە فەلسەفەیییەکانی کرد؛

ڕەخنەکانی غەزالی جەختی لەسەر سنوورەکانی و پێویستی زەمینەسازیکردنی زانستی کۆتایی لە وەحیدا دەکردەوە.

غەزالی بە ملکەچکردنی عەقڵ بۆ ئیمان، ڕەوتی ڕۆشنبیریی ئیسلامی ئاڕاستە کردەوە. ڕەخنەکانی بە تایبەتی ئاراستەی ئەوە بوو کە ئەو وەک متمانەی زۆری فەیلەسووفەکان دەیبینی کە ئیدیعایان دەکرد تەنها لە ڕێگەی میتۆدی عەقڵانییەوە زانینی خودایی بەدەست دەهێنن.(نصیری،٢٠٠٦)

غەزالی ئاماژەی بەوەدا کە عەقڵی مرۆڤ لە کاتێکدا توانای بەرهەمهێنانی زانستی هەیە سەبارەت بە جیهانی سروشتی و میتافیزیک و لۆژیک، بەڵام لە بنەڕەتدا سنووردارە کاتێک باس لە ڕاستییە کۆتاییەکان دەکرێت، وەک بوون و سیفاتەکانی خودا، سروشتی ڕۆح و ژیانی دوای مردن. لە بەرهەمە بەناوبانگەکەیدا تەهافوت ئەلفەلەسیفە (ناتەبایی فەیلەسووفەکان)، بە شێوەیەکی سیستماتیک ڕەخنە لە ئیدیعا میتافیزیکیەکانی فەیلەسوفەکان دەگرێت و جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەندێک دەرەنجامی فەلسەفی، هەرچەندە لە ڕووی لۆژیکییەوە وەرگیراون، بەڵام پێچەوانەی ڕاستییە سەرەکییە ئایینییەکانن. لە ڕوانگەی ئەوەوە، عەقڵ ناتوانێ بە شێوەیەکی سەربەخۆ دڵنیایی سەبارەت بەو پرسانەی کە گرنگییەکی کۆتاییان هەیە، بەبێ ڕێنمایی لە وەحی خوداییەوە جێگیر بکات.(حكيمى،٢٠٠١)

**باسی چوارەم: تهافت الفلاسیفة (ناتەبایی فەیلەسوفەکان)**

تەهافوت فەلاسیفەی غەزالی (ناتەبایی فەیلەسووفەکان، ١٠٩٥ ز) بەرهەمێکی گرینگە لە مێژووی فەلسەفەی ئیسلامیدا، ڕەخنە لە فەیلەسوفەکان دەگرێت و هەم دەسەڵاتی ئیمان دووپات دەکاتەوە. کتێبەکە لە وەڵامی نەریتە عەقڵانییەکانی فارابی و ئیبن سینا (ئەڤیسینا) نووسراوە، بە شێوەیەکی سیستماتیک بەدواداچوون بۆ

ئیدیعای فەیلەسوفەکان دەکات کە هەوڵیان داوە ئیستدلالکردنی فەلسەفی یۆنانی لەگەڵ ئیلاهیاتی ئیسلامیدا بگونجێنن.(Fakhry،2009)

لە بەناوبانگترین خاڵەکانی ڕەخنە لە تەهافت الفلاسیفة بریتین لە:

1- ئەبەدییەتی جیهان: فەیلەسووفانی وەک ئیبن سینا دەیانگوت گەردوون ئەبەدییە، بێ سەرەتایە. ئەلغەزالی بەرپەرچی ئەوە دەداتەوە کە ئەمە پێچەوانەی عەقیدەی ئیسلامی درووستکردنە ex nihilo کە جەخت لەوە دەکاتەوە خودا جیهانی لە خاڵێکی دیاریکراودا درووست کردووە.

2- ناسینی خودا لە تایبەتمەندییەکان: فەیلەسووفەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە خودا گشتگیرەکان دەناسێت نەک ڕووداوە تاکەکەسییەکان. غەزالی بەرپەچی دایەوە کە ئەمە هەموو زانستی خودایی تێکدەدات و دژایەتی وەحی دەکات.(غزالی، ٢٠٠٢، ٥٦)

3- قیامەت و ژیانی دوای مردن: ئارگیومێنتە عەقڵانیەکان دژی زیندووبوونەوەی جەستەیی لەلایەن غەزالیەوە ڕەت دەکرێنەوە و بە ناتەبا لەگەڵ ئیمان و باسی قورئان سەبارەت بە لێپرسینەوەی مرۆڤ دەداتە قەڵەم.(ابن ڕشد،٢٠٠١، ٧٨-١٠٠).

ئەم بەرهەمە کاریگەری لەسەر بیری ئیسلامی هەبوو بە دووپاتکردنەوەی باڵادەستی وەحی بەسەر گریمانە عەقڵانییەکاندا لە بابەتە میتافیزیکییەکان. ئەو فەیلەسوفانەی کە هەوڵیان دا عەقڵ وەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ دووپات بکەنەوە، وەک ئیبن سینا، ڕووبەڕووی سنووری فیکری نوێ بوونەتەوە. هەروەها کارەکانی ئەلغەزالی وای لە ئاڤێرۆس (ئیبن ڕوشد) کرد کە تەهافوت ئەلتەهافوت (ناتەبایی ناتەبایی) بنووسێت، بەرگری لە عەقڵ بکات و قسە لەسەر گونجانی لەگەڵ ئیماندا بکات، بەمەش مشتومڕێکی دیالکتیکی دروستکرد کە بۆ چەندین سەدە فەلسەفەی ئیسلامی لە قاڵب دا.(Averros،2000،116-89)

ئەم بەرهەمەی غەزالی ئەوە نیشان دەدات کە "فیکری توند" هەمیشە گەرەنتی سەربەخۆیی زانستی ناکات کاتێک سیستەمی بیروباوەڕی دامەزراوەیی دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێت.

بەرهەمەکەی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە عەقڵ سنووری هەیە، دەتوانێت لە چوارچێوەی دۆمەینی سروشتی و لۆژیکیدا زانین شی بکاتەوە و بەرگری لێبکات، بەڵام ڕاستییە کۆتاییەکان سەبارەت بە خودا و ڕۆح و ژیانی دوای مردن تەنیا لە ڕێگەی وەحییەوە دەتوانرێت بناسرێت. غەزالی بە ملکەچکردنی فەلسەفە بۆ ئیمان، ژیانی فیکری ئیسلامیی لە قاڵب داوە و گریمانە میتافیزیکییە

سەربەخۆکانی سنووردار کرد و لێکۆڵینەوەی بەرەو لاهووت و عیرفان ئاڕاستە کردەوە. هەروەها ئەم ڕەخنەیە وەڵامی بیرمەندانی دواتری وەک ئاڤێرۆسی لێکەوتەوە کە بەرگریان لە عەقڵ کرد و دیالێکتیکێکی درێژخایەنی دروستکرد کە بەردەوامە لە کاریگەری لەسەر مشتومڕەکان لەسەر یاریکردنی ئیمان و لێکۆڵینەوەی عەقڵانی.(Corbin،1978،75 )

## پاژی سێیەم
## حەقیقەت لەنێوان عەقڵ و ئیمان، گرژییەکی بەردەوام

### باسی یەکەم: خودی حەقیقەت

مرۆڤ هەمیشە لەهەر قۆناغ و بارودۆخێک دابووبێت هەمیشە لەهەوڵی بەدەستهێنانی زانینێکی ڕاستەقینەدا بووە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگا و ڕێباز و مێتۆدی جیاوازی گرتۆتەبەر و تاقی کردۆتەوە، غەزالی وەکوو خۆی ئاماژەی پێدەکات کەم گروپی کەلامی و ڕێبازی فەلسەفی ماوە شارەزایی تێیدا نەبووبێت و لەڕێگەیەوە هەوڵی بەدەستهێنانی زانێنێکی گومان هەڵنەگری نەدابێت، (ابن سینا،١٩٩٠، ٢٥-٤٨)

هەرچەندە مرۆڤ بەهۆی چەندین ڕێگای جیاواز دەتوانێت بزانێت، وەکوو (هەستەکانمان و ئەقڵ)، بەڵام غەزالی ئەو جۆرە لە زانینە ڕەت دەکاتەوە و پێی وایە کە ناتوانین بەهۆیانەوە هەموشتێک بزانین، هەتاوەکو لە دواجاردا ئەم زانینەی بەهۆی ڕێبازی سۆفیزمەوە بەدەست دەهێنرێت، پەسەند دەکات، (نصیری،٢٠٠٦، ٣٣-٥٠).

لە کۆتاییدا گەیشتین بەو ئەنجامەی غەزالی پێی وایە تەنها زانینی سۆفییەکان هیچ جۆرە گومانێک هەڵناگرێت، چونکە لە سەرچاوەیەکی کامڵ و بێ کەموکورتییەوە دەتوانین بە دەستی بهێنین، ئەویش خودایە، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو

ڕووناکییەوە دەبێت کە خودا دەیپەخشێنێتە ئەو دڵانەی کە بە نووری ئیمان ڕووناک کراونەتەوە و لە کار و کردار و گوفتاری ناشیرین پاک کراونەتەوە،(غزالی،٢٠٠٠، ٧٠-٧٣).
لەڕاستیدا زۆری پێناسەکانی کە بۆ ڕاستی کراوە مرۆڤ دەخاتە نێو گێژاو و ونبوونەوە، بەڵام دەکرێت بڵێین کە یەکێک لە جوانترین پێناسەکان کە بۆ (حەقیقەت) کراوە ئەو پێناسەیەیە کە دەڵێت: ( حەقیقەت ئەوەیە کە دەتگەیەنێتە یەقین) (Chittick،1989،45-33) کە ئەمیشیان پێناسەیەکە بە بێوچان گێژاو و ونبوونت لەناو پێناسەکانی بەردەمتدا دووبارە لێ ئاڵۆز دەکاتەوە چونکە ئەوەی دەتگەیەنێتە یەقین بەپێی گۆڕانی کات و شوێن دەگۆڕێت و چەندین وەهم هەبوون کە بوونەتە مایەی گەیشتن بە یەقین بۆ نموونە: ئەفسانەکان یەقینێک بوون کە هەرگیز گومانیان لێ نەدەکرا هەزاران ساڵ لە لای کۆی مرۆڤایەتی و هاوکات لێکدانەوەیەک بوو بۆ هەموو ئەو هێز و توانایانەی کە توانای عەقڵی مرۆڤەکان نەدەگەیشتە زانینی هەروەها تاوەکوو ئێستاش توێژێک هەن کە هەر کەسێک باوەڕی بە سووڕانەوەی زەوی هەبێت بە کافری لە قەڵەمی دەدەن و دەڵێن ئەو کەسە خاوەنی کۆشکێکە لە دۆزەخدا.(دنیانی،٢٠١١، ١٠٠)
فارابی پێی وایە ڕاستی و حەقیقەت بریتییە لەو شتەی لەسەر بنەمای بەڵگە داڕێژراوە و بەڵگەش بریتییە لەو

بابەتەی کە قەناعەت بە عەقڵ دەکات بۆ (راستی و درۆ بوونی مەسەلەیەک).(نصیری،٢٠٠٦، ٥٣)
با لە ڕوانگەی جەوهەری فەلسەفەوە سەیری ئەو شتانە بکەین کە گۆرگیاس وتی: لە ڕاستیدا تاکە ئایدیالی فەلسەفە دۆزینەوەی حەقیقەت و ڕاستییە و لەسەر بنەمای ڕاستی دامەزراوە. سروشتی حەقیقەتگەری فەلسەفە لە پشتبەستنی بە لۆژیکەوە سەرچاوە دەگرێت وەک بڕبڕەی پشتییەتی، کە تاکە ئامڕازێکە کە عەقڵی مرۆڤ لە کەوتنە "هەڵە"دا دەپارێزێت.(370BCE،Gurgios )
هەروەها لۆژیک هاوشێوەی تەرازووە. بەو پێیەی بۆچوون هیچ ئایین و نەتەوە و ڕەگەزێکی نییە، تەنیا بە پشتبەستن بە لۆژیکەکەی مرۆڤ دەتوانێت خۆی لە چەقاندنی لە بەرامبەر وەهم و ساختەکارییە جۆراوجۆرەکانی بیروڕا بەدوور بگرێت. هەروەها توانای وەستانەوە لەسەر حەقیقەت لە لۆژیک و عەقڵەوە سەرچاوە دەگرێت.
کاتێک پرسیار لە ئەرستۆ کرا کە فەلسەفە چییە؟ بە کورتی دەڵێت: زانستی هۆکار و کۆتاییەکانە. 50،350BCE،Aristotle
ئەرستۆ بەم جۆرە وەڵامی دایەوە، ئەفلاتون لە لێکدانەوەیەکدا دەڵێت: فەلسەفە ئامادەیە بۆ مردن. لە ڕوانگەی ئایدیالی دەستبەجێ و لە لێکدانەوەیەکی دیکەدا، لە ڕوانگەی ئایدیالی درێژخایەنەوە، فەلسەفە هەوڵی مرۆڤە بۆ

"بوون"، تا ئەو جێگەیەی کە پێی دەکرێت وەک خودا بێت. 55،1945،Russell

بەگوێرەی لێکدانەوە فەلسەفییەکانی فەیلەسوفە یۆنانییەکان، زانینی هۆکار و ئامانجی بوون، هەروەها دۆزینەوەی حەقیقەت و گەیشتن بە حەقیقەت و گەیشتن بە حیکمەت، هۆکارە سەرەکییەکانی بنیاتنانی فەلسەفەن. لە ڕوانگەیەکی ترەوە، پاککردنەوەی ڕۆحە لە دونیای ناتەواوەوە بۆ جیهانی سەرەوەی کامڵ و خۆئامادەکردنی بۆ مردن، واتە ژیانی دوای مردن، یان قیامەت بە زاراوەی ئایینی (ئیسلام).( دینانی،٢٠٠٩، ٥٠-٥٦)

## باسی دووەم: عەقڵ و ئیمان وەک پرسێکی فەلسەفی بەردەوام

گرژی نێوان عەقڵ و ئیمان تەنیا لە ناکۆکییە تیۆلۆژییەکانی سەدەی ناوەڕاستدا قەتیس نییە؛ وەک کێشەیەکی فەلسەفی چالاک و چارەسەرنەکراو دەمێنێتەوە. لە سەرانسەری کولتوور و سەدەکاندا، پرسیارێک کە ئایا باوەڕ دەبێ لەسەر بنەمای پاساودانی عەقڵانی بێت یان لەسەر بنەمای وەحی قبوڵ بکرێت، بەردەوامە لە وروژاندنی مشتومڕ. ئەم بەردەوامییە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە عەقڵ و باوەڕ هەمان خەمی بنەڕەتی (سروشتی ڕاستی) بەڵام لە ڕێگەی شێوازە زانستییە جیاوازەکانەوە کاردەکەن.

لە فەلسەفەی مۆدێرندا، مەسەلەکە لە مشتومڕی تیۆلۆژییەوە گۆڕاوە بۆ پرسیاری فراوانتر سەبارەت بە دەسەڵاتی زانستی و فرەیی و سنووری ناسینی مرۆڤ. عەقڵانییەکانی ڕۆشنگەری، وەک دیکارت و کانت، پاڵپشتیی ئۆتۆنۆمی عەقڵیان دەکرد، لە کاتێکدا بیرمەندانی دواتر وەک کیرکگارد و ویلیام جەیمس جەختیان لەسەر ڕەهەندە بوونگەرایی و پراگماتیکییەکانی ئیمان دەکردەوە. (Decartes،1641،33-43 )

لە چوارچێوەی هاوچەرخدا، سروشتگەرایی زانستی زۆرجار تەحەدای ئیدیعای ئایینی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئایین وەک سەرچاوەیەکی بەهێزی مانا بۆ ملیاردان کەس بەردەوامە. ئەم ئامادەبوونە بەردەوامە دڵنیایی دەدات لەوەی کە گرژی فەلسەفی نێوان ئیمان و عەقڵ لە ئەخلاق و سیاسەت و پەروەردەدا پەیوەندیدار دەمێنێتەوە. Hume،1748،81-85

ئیمان بانگەواز بۆ ئەو پابەندبوونانە دەکات کە پشتڕاستکردنەوەی ئەزموونی تێدەپەڕێنن، لە کاتێکدا عەقڵ لە چوارچێوەی سنوورەکانی بەڵگە و لۆژیکدا کار دەکات. لە فیکری ئیسلامیدا، ئەم پرسە لەڕووی مێژووییەوە گرنگە. مشتومڕە عەقڵانییەکانی سەردەمی کلاسیک، کە نموونەیان لە ململانێی نێوان فەیلەسووف و ئیلاهیناسانی وەک غەزالیدا هاتووە، تا ئێستاش بیری ئیسلامی هاوچەرخ

لەسەری دەڕوات. لە سەردەمی مۆدێرندا، بیرمەندانی ڕیفۆرمخواز لە ژێر ڕۆشناییی عەلمانیەت و فرەیی و زانستی مۆدێرن سەردانی ئەو پرسیارە دەکەنەوە و نیشان دەدەن کە دیالۆگ - و هەندێکجاریش ڕووبەڕووبوونەوە - لە نێوان باوەڕ و عەقڵدا تەنیا شوێنەوارێکی ڕابردوو نییە، بەڵکوو تایبەتمەندییەکی بەردەوامی لێکۆڵینەوەی فەلسەفییە.(حکیمی،٢٠٠١، ٤٤-٤٨).

گرژی نێوان ئیمان و عەقڵ کە لەمێژە لە فەلسەفەی ئیسلامی کلاسیکدا مشتومڕی لەسەرە، و پەڕیوەتە جیهانی ئیسلامی هاوچەرخ، لە کاتێکدا بیرمەندانی سەرەتایی عەقڵانی وەک فارابی و ئیبن سینا هەوڵیان دەدا لێکۆڵینەوەی فەلسەفی لەگەڵ باوەڕی ئایینیدا هاوئاهەنگ بکەن، بەڵام سەرهەڵدانی کەسایەتییەکانی وەک غەزالی لە ڕووی مێژووییەوە هەژموون و سەروەری ئیمانی بەسەر عەقڵدا فراوانتر کرد. لە زۆرێک لە دامەزراوە ئایینییەکاندا، دەسەڵاتی تیۆلۆژی بەردەوامە لە ڕێنماییکردنی لێکدانەوەی زانین و نۆرمە ئەخلاقییەکان و پراکتیزە کۆمەڵایەتییەکان. لەم چوارچێوەیەدا وا نمایندە دەکرێت عەقڵ خزمەت بە باوەڕ بکات، ئەمەش دەتوانرێت لە مەدرەسە و ڕێبازی ئایینی و گوتاری گشتیدا بەدی بکرێت کە دەقە ئایینییەکان خاڵی ئاماژەی کۆتایی بۆ ڕاستی و شەرعیەت دابین دەکەن.

ئەم گرژییە مێژووییە لە نێوان ئیمان و عەقڵ لە جیهانی ئیسلامیدا بەردەوامە و کاریگەری لەسەر ژیانی فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسی تا ئەمڕۆش.(کوتی، ٢٠٠٦، ٧٥-٩٣).
بەردەوامبوونی پارادایمەکانی ئیمان-سەنتەری
لە زۆرێک لە دامەزراوە ئایینییە هاوچەرخەکاندا، ئیمان وەک ناوبژیوانی کۆتایی حەقیقەت دەمێنێتەوە. زۆرجار مەدرەسە و مەدرەسە نەریتییەکان لێکدانەوەی ئیلاهیات و تەفسیری کتێبی پیرۆز لە پێشینەی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی ڕەخنەگرانە دەدەن. ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەردەوامی میراتی فیکری غەزالییە، کە تێیدا (ئیمان) ئەولەویەتی زانستی بەسەر عەقڵانییەتی مرۆڤدا هەیە. کاریگەریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەم جۆرە دامەزراوانە ڕۆڵی هەژموونی ئیمان بەهێزتر دەکات، بەتایبەتی لە دارشتنی پەروەردە و یاسا و نۆرمەکانی ئەخلاقیدا.
باڵادەستی باوەڕ بەسەر عەقڵدا نوێنەرایەتی فۆرمێک لە پلەبەندی زانستی دەکات کە تێیدا ڕاستییە ئاشکراکراوەکان دەسەڵاتی بێ گومانیان پێدەدرێت، لە کاتێکدا لێکۆڵینەوەی عەقڵانی ملکەچی سنووری تیۆلۆژییەکانە. 21-43،2003،Nasr

لەم چوارچێوەیەدا، عەقڵ تەنیا بەپێی ئەو سنوورانەی کە عەقیدەی ئایینی دیاری کردووە، ڕێگەی پێ دراوە کار بکات.

پرسیارەکان، ئارگیومێنتەکان، یان دۆزینەوەکان کە تەحەدای بیروباوەڕە بنەڕەتییەکان دەکەن، ڕەت دەکرێنەوە یان دووبارە چوارچێوەیان بۆ دادەنرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو هزرە ئایینییەدا بگونجێت.(Averros.2001، 54-60) .

**ئەنجام**

ئایین لە ئیمانەوە سەرچاوە دەگرێ و فەلسەفە لە گومان و پرسیار، هەمیشە فەیلەسووفان دژی ئەو هێڵە پیرۆزانە بوون کە وایانکردووە خەڵکی بیر نەکەنەوە و خۆیان تەسلیمی تەنها ئیمانهێنانێک بکەن. و بەشداریکردنی ئاییندارانمان هەیە لە فەلسەفەدا ئەم بەشدارییەش وەک ئاڵنگارییەک تووشیان بوەتەوە و بۆ پاراستنی ئایین بەکاریان هێناوە واتە لە شێوەی خزمەتگوزارێکدا عەقڵ بەکار هاتووە.

دەستێوەردانی یەکلاکەرەوەی غەزالی هاوسەنگی فیکری گۆڕی و جەختی لە سەروەری وەحی و پێناسەکردنەوەی عەقڵ وەک خزمەتکارێک بۆ ئیمان. ئەم گۆڕانکارییە نەک هەر کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی بیری ئیسلامی هەبوو بەڵکوو پارامێتەرەکانی مشتومڕی باوەڕ-عەقڵی بۆ سەدەکانی داهاتوو لە چوارچێوەیەکدا دانا.

زاڵبوونی مێژوویی ئیمان بەسەر عەقڵدا لە هەندێک قۆناغدا، ڕەنگدانەوەی پرسیاری فراوانترە سەبارەت بە دەسەڵاتی زانستی، ناسنامەی کولتووری و بەکارهێنانی سیاسیی (مەعریفە). لە کاتێکدا کە ئەم جۆرە باڵادەستییە لە هەندێک کاتدا یەکگرتوویی ئایینی پاراستووە، بەڵام سەربەخۆیی لێکۆڵینەوەی عەقڵانی سنووردار کردووە و مەودای گەڕانی فەلسەفی سنووردار کردووە.

بەداخەوە هەتاوەکو ئیستاش هەر بەردەوامە، بەتایبەتی لەم سەردەمەدا کە فکری توندڕەوی ئایینی لە پەرەسەندن دایە، دووبارە هەندێک بە ناوی پارێزگاریکردن لە ئایین، دەیانەوێت هەموو جوانییەکانی فکر و فەلسەفە لەناوبەرن، هەرچەندە ئەمەش مێژووییەکی ناشیرینی لە هەموو ئایینەکاندا هەیە.

بەدڵنیاییەوە ئیبن ڕوشد یەکێکە لە فەیلەسووف و زانا بەتواناکانی مێژووی ئیسلامی، بەداخەوە ئەویش لە کۆتاییی ژیانیدا دەبێتە قووربانی دەستی فکری توندڕەویی ئایینی. هەرچەندە بۆچوون و کتێبەکانی، کاریگەریی گەورەیان بەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەبووە.

## سەرچاوە کوردییەکان:


- مەحمود، ئارام(2020) .فەلسەفەی ئیسلامی .هەولێر :موکریان.
- عەلی، ڕەحمان(2017) عەقڵ و ئیمان لە هزری ئیسلامیدا .سلێمانی :سپیریز.
- کاکەیی، شوان(2016) غەزالی و ڕەخنەی فەلسەفە .هەولێر :ڕۆشنبیری.
- حەمەسعید، دلێر(2019) .بنەماکانی عەقڵانییەت دهۆک :زانکۆی دهۆک.


## English Resources:


- Aristotle (2004) The Nicomachean Ethics. London: Penguin Classics. (Original work published c. 350 BCE)
- Averroes (Ibn Rushd) (2001) The Incoherence of the Incoherence

(Tahafut al-Tahafut). Provo: Brigham Young University Press.

- Cicero (1998) On the Nature of the Gods. Oxford: Oxford University Press. (Original work published 45 BCE)
- Durkheim، E. (1912) The Elementary Forms of Religious Life. Paris: Alcan.
- Fakhry، M. (2004) A History of Islamic Philosophy. New York: Columbia University Press.
- Ghazali، A. (1988) Al-Munqidh min al-Dalal (Deliverance from Error). Beirut: Dar al-Andalus.
- Ghazali، A. (2000) The Incoherence of the Philosophers (Tahafut al-Falasifa). Provo: Brigham Young University Press.

- Ghazali، A. (2005) [Various philosophical writings]. Cairo: Dar al-Ma'arif.
- Hamann، J. G. (1784) [Philosophical Writings].
- Kant، I. (1998) Critique of Pure Reason. Cambridge: Cambridge University Press. (Original work published 1781)
- Makdisi، G. (1990) The Rise of Colleges: Institutions of Learning in Islam and the West. Edinburgh: Edinburgh University Press.
- Müller، M. (1887) Introduction to the Science of Religion. London: Longmans، Green & Co.

- Nasr، S. H. (2002) Islamic Philosophy from Its Origin to the Present. Albany: SUNY Press.
- Nasr، S. H. (2003) The Heart of Islam. New York: HarperCollins.
- Popkin، R. H. (1960) The History of Scepticism from Erasmus to Descartes. Assen: Van Gorcum.
- Russell، B. (1945) A History of Western Philosophy. London: George Allen & Unwin.
- Spencer، H. (1896) The Principles of Sociology. New York: D. Appleton and Company

**منابع فارسی:**


- ،داوری ڕ ضا(1389)  عقل و ایمان در فلسفه اسلامی .تهران :نشر نی.
- نصر، سید حسین(1382) .تاریخ فلسفه اسلامی تهران :انتشارات سروش.
- مطهری، مرتضی(1375) مجموعه آثار :عقل و ایمان .تهران :صدرا.
- زرین‌کوب، عبدالحسین(1379) در جستجوی حقیقت .تهران :امیرکبیر.
- طباطبایی، محمدحسین(1363) :بداية الحكمة .قم دفتر انتشارات اسلامی.
- طباطبایی، محمدحسین(1374) :نهاية الحكمة .قم دفتر انتشارات اسلامی.
- حائری یزدی، مهدی(1376) کاوش‌های عقل نظری .تهران :مؤسسه فرهنگی.
- مصباح یزدی، محمدتقی(1380) .آموزش فلسفه قم :مؤسسه آموزشی و پژوهشی امام خمینی.

- سروش، عبدالکریم(1378) قبض و بسط تئوریک شریعت .تهران :صراط.
- شایگان، داریوش(1372) .آسیا در برابر غرب تهران :امیرکبیر

